Copyright © Open access article with CC BY-NC-ND 4.0

# هاوسەرگیریی مسیار؛ حوکمی شەرعیی و لێکەوتە کۆمەڵایەتییەکانی «هەرێمی کوردستان بە نموونە»

**م.ی. عدنان أحمد فتاح**
ناوەندی کوردستان بۆ دۆکیۆمێنت و
لێکۆڵینەوەی ئەکادیمیی- زانکۆی سلێمانی
adnan.fatah@univsul.edu.iq

**م.د.سعدون حسين أحمد**
مامۆستا لە بەشی خوێندنی ئیسلامی- ئێواران-
کۆلێجی زانستە ئیسلامییەکان- زانکۆی سلێمانی
saadoon.mustafa@univsul.edu.iq

## پوختە:

هاوسەرگیریی مسیار بابەتێکی نوێیە، بەم ساڵانەی دوایی هاتووەتە ناو ژیانی کۆمەڵایەتیی ئێمەوە، وەک باس ئەکرێت هاوسەرگیرییەکی ئاسانە، بەڵام بێ گرفتیش نییە، لەبەرئەوەی هێشتا نوێیە کۆمەڵگەی کوردیی ناتوانێت بە ئاسانیی و ئاشکرا قبووڵی بکات، ئەمەش وای کردووە ئەو کەسانەی ئەیکەن، بە نهێنیی بیهێڵنەوە، ئەم نهێنیبوونەش رووبەڕووی کۆمەڵێک گرفتی شەرعیی و کۆمەڵایەتییمان ئەکاتەوە، بەو پێیەی کۆمەڵگەی کوردیی کۆمەڵگەیەکی زۆرینە موسوڵمانە و پەیڕەویی لە شەریعەتی ئیسلامیی ئەکات، بە گوێرەی شەریعەتیش هاوسەرگیریی ئەبێت ئاشکرا بێت، لە هەمان کاتدا لە رووی کۆمەڵایەتییشەوە هاوسەرگیریی نهێنیی پەسەند نییە و بکەرانی رووبەڕووی کێشەی زۆر ئەکاتەوە، ئێمە لەم توێژینەوەیەدا لەو گرفتە ئاینیی و کۆمەڵایەتییانە ئەکۆڵینەوە کە بەهۆی هاوسەرگیریی مسیار روو ئەدەن.

**کلیلە وشەکان: کێشە، هاوسەرگیریی میسیار، فیقهیی، کۆمەڵایەتیی، هەرێمی کوردستان.**

Recieved: 2/8/2024
Accepted: 12/10/2024



E-ISSN: 2790525-X
P-ISSN: 27905268

# پێشەکیی

سەرەڕای جیاوازیی گرێبەست و ڕێوشوێنەکان، بە درێژایی مێژوو، هاوسەرگیریی بنەمای سەرەکیی درێژەدان بووە بە کۆمەڵگە مرۆییەکان. جۆرەکان و گرێبەستی هاوسەرگیریی بە گوێرەی قۆناغە مێژووییەکان، ئایینە جیاوازەکان، مەزهەب، کەلتوور و کۆمەڵگەکان جیاوازن. لە کۆمەڵگە ئیسلامییەکاندا هاوسەرگیریی باو و دانپێدانراو، بریتییە لە هاوسەرگیریی ئاشکراکراوی نێر و مێیەک. لەگەڵ ئەوەشدا بە گوێرەی کۆمەڵگە ئیسلامییەکان، ئایینزا و مەزهەبە جیاوازەکان، هاوسەرگیریی تریش هەبووە کە کۆدەنگییان لەسەر نەبووە. یەکێک لەو جۆرانەش هاوسەرگیریی میسیارە. هاوسەرگیریی میسیار بە گوێرەی کۆمەڵگەکان جیاوازیی هەیە، ئەوەی بڕیار لەم جیاوازییەش ئەدات کەلتوور و یاساکانی ئەو کۆمەڵگەیانەیە.

ماوەی چەند ساڵێکە هاوسەرگیریی میسیار کە سەرەتا لە وڵاتانی کەنداو ئەکرا، لە هەرێمی کوردستانیشدا بڵاوبووەتەوە. سەرەڕای ئەو دژایەتییە زۆرەی بەرامبەر ئەم هاوسەرگیرییە هەیە، ڕۆژ بە ڕۆژ زیاتر بڵاوئەبێتەوە. ئێمە لەم توێژینەوەیەدا هەوڵمان داوە تیشک بخەینە سەر تایبەتمەندییەکانی هاوسەرگیرییەکە، هۆکارەکانی سەرهەڵدان و بڵاوبوونەوەی، ڕەهەندە کۆمەڵایەتیی و فیقهییەکانی و، پاشان ئەو گرفتە کۆمەڵایەتییانەی ئەم جۆرە هاوسەرگیرییە لە هەرێمی کوردستان بە دوای خۆیدا ئەیانهێنێت.

## -پێکهاتەی توێژینەوە

باسی یەکەم؛ ڕەهەندە فیقهییەکانی هاوسەرگیریی میسیار لە هەرێمی کوردستان.

باسی دووەم؛ ڕەهەندە کۆمەڵایەتییەکانی هاوسەرگیریی میسیار لە هەرێمی کوردستان.

باسی سێیەم؛ گرفت و کێشە کۆمەڵایەتییەکانی هاوسەرگیریی میسیار لە هەرێمی کوردستان.

## - کێشەی توێژینەوەکە

لەم توێژینەوەیەدا هەوڵ دراوە وەڵامی چەند پرسیارێکی سەرەکیی بدرێتەوە، لەوانەش؛

لە کاتێکدا ئەم هاوسەرگیرییە سەرەتا لە چەند کۆمەڵگەیەکی کەنداوەوە سەریهەڵداوە، ئەو هۆکارانە چیین ڕێگایان بۆ سەرهەڵدانی ئەم هاوسەرگیرییە لە هەرێمی کوردستانیش خۆش کرد؟

سەرەڕای ئەو دژایەتییە توندەی بۆ هاوسەرگیرییەکە هەیە و دەیان کێشە بەدوای خۆیدا ئەهێنێت، هۆکاری خێرا بڵاوبوونەوەی چییە لە هەرێمی کوردستان؟

بۆچیی کۆدەنگیی ئایینی دروست نابێت بۆ ڕەتکردنەوەی ئەم جۆرە هاوسەرگیرییە؟

ئەو کێشە کۆمەڵایەتییانە چیین بەهۆی هاوسەرگیریی میسیار لە هەرێمی کوردستان سەرهەڵئەدەن؟

## -گرنگیی توێژینەوەکە

لەگەڵ ئەوەی ئەم هاوسەرگیرییە هیچ پشتئەستورییەکی یاسایی و کۆمەڵایەتیی نییە لە هەرێمی کوردستان، بەڵام ڕۆژ بە ڕۆژ و زۆر بە خێرایی بڵاوئەبێتەوە، ئەمەش گرنگیی توێژینەوە لە بارەیەوە زیاتر ئەکات.

گرنگییەکی تری توێژینەوەکە ئەوەیە، هاوسەرگیریی میسیار دەیان کێشەی کۆمەڵایەتیی بە دوای خۆیدا هێناوە، کە لە دادگاکانیشدا بە قوورسیی چارەسەر ئەکرێن، هەر بۆیە بابەتەکە بۆ کایەی زانستیی گرنگییەکی زۆر و پێویستی

هەیـە. توێژینـەوە لەبـارەی ئـەم جـۆرە هاوسـەرگیرییە کـە بـۆ کۆمەڵـگای کوردیـی نوێیـە، دەرگا بـە رووی چارەسـەری کیشـەکانی هاوسـەرگیرییەکەدا ئەکاتـەوە.

## -ئامانجی توێژینەوەکە

ئامانـج لـەم توێژینەوەیـە خسـتنەڕووی ئـەو هـۆکار و پاڵنەرانەیـە کـە دەرگایـان بـە رووی هاوسـەرگیریی میسـیار لـە هەرێمـی کوردسـتان کـردەوە. هەروەهـا دەرخسـتنی ئـەو کێشـە و گرفتـە کۆمەڵایەتیـی، کەلتووریـی، خێزانیـی، یاسـایی و فیقهییانەیـە، بەهـۆی سـەرهەڵدانی ئـەم هاوسـەرگیرییە و بڵاوبوونـەوەی درووسـت ئەبـن. هـاوکات بەشـداریی کـردن لـە کەڵەکەکردنـی زانیاریـی و هەوڵـی زانسـتیی لەبـارەی بابەتەکـە.

## -گرفتەکانی توێژینەوەکە

گرفتـی سـەرەکیی توێژینەوەکـە بریتییـە لـە قایلکردنـی ئـەو کەسـانەی هاوسـەرگیریی میسیاریان کـردووە بـۆ چاوپێکەوتـن و وەرگرتنـی زانیاریـی لێیـان. هـۆکاری ئەمـەش نهێنیبوونـی هاوسـەرگیرییەکەیە لـە هەرێمـی کوردسـتان و شـاردنەوەی لەلایـەن ئـەو کەسـانەی ئەیکـەن. گرفتێکـی تـری توێژینەوەکـە کەمیـی ئەدەبیاتـی زانسـتییە لەسـەر بابەتەکـە، ئەمـەش بـە هـۆی ئـەوەی هاوسـەرگیرییەکە لـە هەرێمـی کوردسـتان بـەراورد بـە کۆمەڵگاکانـی کەنـداو نوێیـە.

## -میتۆدی توێژینەوەکە

لـەم توێژینـەوەدا بـە پلـەی سـەرەکیی، پشـت بـە میتـۆدی وەسـفیی و شـیکاریی بەسـتراوە. هـاوکات بەکارهێنانـی هەریـەک لـە ئامرازەکانـی چاوپێکەوتـن لەگـەڵ ئـەو مامۆسـتا ئایینیانـەی هاوسـەرگیریی میسـیار بـۆ خەڵـک ئەکـەن، لیژنـەی بـاڵای فەتـوای هەرێمـی کوردسـتان و لیژنـەی فەتـوای سـلێمانی. هەروەهـا فۆرمـی ڕاپرسـیی بـۆ وەرگرتنـی زانیاریـی لەبـارەی ئـەو کەسـانەی هاوسـەرگیریی میسـیاریان کـردووە.

## -کۆمەڵگای توێژینەوەکە

لـەم توێژینەوەیـەدا گفتوگـۆ لەگـەڵ چەنـد مامۆسـتایەکی ئایینیـی شـاری سـلێمانی کـراوە کـە هاوسـەرگیرییەکە بـە ڕەوا ئەزانـن، پشـتیوانیی ئەکـەن و بەشێکیشـیان بـۆ خەڵکیـان کـردووە. هـاوکات ژمارەیـەک پرسـیار لـە فۆرمێکـدا ئاڕاسـتەی ١٦ کـەس (١٤ پیـاو و دوو ژن) کـراوە، کـە هاوسـەرگیریی میسـیاریان کـردووە. دواتریـش شـیکردنەوە بـۆ وەڵامـەکان کـراوە.

تەوەری یەکەم: مێژووی هاوسەرگیریی میسیار و ڕەهەندە فیقهییەکانی لە هەرێمی کوردستان

## یەکەم: چەمکی میسیار

پێـش ئـەوەی بـاس لـە ڕەهەنـدە جیاوازەکانـی هاوسـەرگیریی میسـیار بکەیـن، بـە پێویسـتی ئەزانیـن کورتەیـەک لەبـارەی واتـای سـەرەتای چەمکەکـەوە بڵێیـن. بـە گوێـرەی ئـەوەی هاوسـەرگیریی میسـیار بابەتێکـی نوێیـە، بۆیـە لـە کتێبـە فیقهییـە کۆنەکانـدا نابیـنرێ. فەقیهـە کۆنـەکان گفتوگـۆی زۆریـان لەبـارەی ئـەم بابەتـە نەکـردووە، چونکـە لـەو ڕۆژگارەدا هاوسـەرگیرییەکی لـەو جـۆرە بوونـی نەبـووە، بـەڵام لـە کتێبـە فیقهییـە نوێیەکانـدا ئـەم بابەتـە ئامادەیـی هەیـە و باسـێکی گەرمـی شـارەزایانی فیقهـی ئیسـلامییە لـەم سـەردەمەدا، بۆیـە لـە ڕەهەندەکانـی زمانەوانیـی، فیقهیـی و ئوسـوڵیی فیقهـەوە،

بابەتەکەیان باس کردووە و شرۆڤەیان کردووە، ئێمە هەوڵ ئەدەین لێرەدا بە کورتیی لەبارەی رەگ و واتای زمانەوانی چەمکەکەوە، بۆچوونە جیاوازەکان باس بکەین و شرۆڤەیان بکەین.

- لە کتێبی "لسان العرب" لە برگەی پیتی "سین"دا، بەم شێوەیە باس لە رەگی وشەی میسیار ئەکات و ئەڵێت: ئەسڵی وشەکە لە چاوگی "السیر"وە وەرگیراوە کە بە واتای رۆشتنە، واتە پەیوەست نەبوون بە مانەوە لە جێگایەک، هەروەها وشەی "سیّار" و "مسیار" هەردووکیان سیغەی موبالەغەی وشەکەن و واتای زیادەرەویی ئەگەیەنن، بۆیە "مسیار" واتە پەیوەست نەبوون بەماڵێکەوە یان بە کەسێکەوە و زوو جیهێشتنی ئەو ماڵە یاخود ئەو کەسە. بە گوێرەی ئەم سەرچاوەیە میسیار بە ئەو کەسە ئەوترێت کە بەردەوام لە هاتن و چووندایە. (ابن منظور، ١٤١٤، ج٤، ص ٣٨٩).

کەواتە وشەی میسیار بۆ وەسف کردنی کەسێک بەکار ئەهێنرێت کەوا بەردەوام سەرپێیە و پەیوەسەت نییە بە شوێنێکەوە، بۆیە ئەم جۆرە هاوسەرگیرییە بەو ناوەوە ناونراوە، چونکە پیاو بە دوور ئەگرێت لەو ئەرکە خێزانییانەی کەوا ناچاری ئەکات بە مانەوە لە ماڵەوە یاخود پەیوەستی ئەکات بە ژیانی تایبەتیی خێزانییەوە.

بۆچونێکی تر هەیە سەبارەت بە رەگ و ریشەی وشەی میسیار، کەوا ئەم وشەیە لە ناوچەیەکی دیاریکراوی عەرەبستانی سعوودییە، بە ناوی نەجدەوە بەکار ئەهێنرێت بە واتای سەردانیکردن بە کاتی رۆژ، وەک سەردانی دراوسێ بەو پێیەی لەم جۆرە هاوسەرگیرییەدا پیاو بە کاتی رۆژ سەردانی هاوسەرەکەی ئەکات و بە شەو نامێنێتەوە. ( الأشقر،٢٠٠٠، ص١٦٢)

بۆچوونی سێیەم لەبارەی وشەی میسیارەوە ئەڵێت؛ ئەم وشەیە لە وڵاتانی کەنداوی عەرەبییدا واتای سەردانێکی سەرپێییە و پێکەوەبوونێکی کوورتی کاتییە، لەم جۆرە هاوسەرگیرییەدا، چێژ و پێکەوە بوونێکی بەردەوامی ژن و مێرد بوونی نییە، بۆیە ئەم ناوەیان لێناوە.(الأشقر،٢٠٠٠، ص١٦٢)

## دووەم: دەرکەوتنی هاوسەرگیریی میسیار لە کۆمەڵگە ئیسلامییەکاندا

گومانی تێدا نییە کە ئەم جۆرە هاوسەرگیرییە ریشەیەکی مێژوویی هەیە لە نێو فیقهیی ئیسلامییدا، هەرچەندە ناوەکەشی جیاواز بێت، بەڵام جۆرێک لە هاوسەرگیریی لەم شێوەیە بوونی هەبووە لە نێو کۆمەڵگەدا. وەک ئیبن قودامە لە کتێبە بەناوبانگەکەی (المغني)دا چەند نموونەیەک لەم جۆرە هاوسەرگیرییە ئەگێرێتەوە (الرَّجُل يتزوَّجُ المرأةَ ويَشْتَرِطُ عليها أن يَأْتِيَها في الأيَّامِ: يجوزُ الشَّرْطُ، فإن شاءتْ رَجَعَتْ. وقال في الرجلِ يتزوَّجُ المرأةَ على أن تُنْفِقَ عليه في كل شهرٍ خَمْسَةَ دَرَاهِم، أو عَشْرَةَ دَرَاهِم: النكاحُ جائزٌ، ولها أن تَرْجِعَ في هذا الشَّرْطِ).( ابن قدامة، ١٩٩٧، ج٤، ص٤٧٨) لێرەدا ئیبن قودامە باسی پیاوێک ئەکات ئافرەتێکی مارە کرد بە مەرجی ئەوەی تەنها لە کاتی رۆژدا پێکەوە ئەبن، ئەوە هاوسەرگیرییەکە درووستە، یاخود پیاوێک ئافرەتێک مارە ئەکات بە مەرجی ئەوەی مانگانە ئافرەتەکە برێک پارە بدات بە پیاوەکە، بە هەمان شێوە درووستە، بەڵام ئافرەتەکە ئەتوانێت پاشگەز ببێتەوە هەرکات ویستی. ئەم نموونانەی لێرەدا باسکراون بە شێوەیەک نزیکن لە میسیارەوە، بۆیە ئەکرێ بڵێین رێگە خۆشکەرییەک هەبووە بۆ هاوسەرگیریی میسیار لە رووی مێژووییەوە.

ئێمە لێرەدا باس لە رەهەندە مێژووییەکەی هاوسەرگیریی میسیار و سەرهەڵدانی ئەکەین. گوومانی تێدا نییە ئەم جۆرە هاوسەرگیرییە ریشەیەکی مێژوویی هەیە لە کەلەپووری کۆمەڵگە ئیسلامییەکاندا، کەواتە رێگەخۆشکەرییەکی کۆمەڵایەتیی و فیقهیی لە رووی مێژووییەوە بۆ ئەم جۆرە هاوسەرگیرییە هەیە. بە بێ بوونی ئەو پێشەکییە،

زەحمەت بوو ئەم جۆرە هاوسەرگیرییە جێگای خۆی لە نێو کۆمەڵگەدا بکاتەوە. کەواتە مەزهەبە فیقهییە جیاوازەکان بە شێوەیەک ڕێگەخۆشکەر بوون بۆ سەرهەڵدانی ئەم جۆرە هاوسەرگیرییە. بە گوێرەی ئەو ئاسانکارییەی کە لە کۆمەڵگەی عەرەبیی و کەنداودا هەیە بۆ هاوسەرگیریی، هاوسەرگیریی میسیار سەرەتا لە کۆمەڵگەکانی کەنداودا سەریهەڵدا. وەک چۆن لە سەرچاوەکاندا هاتووە، هاوسەرگیریی میسیار سەرەتا لە ناوچەی (قەسیم) لە عەرەبستانی سعوودییە دەرکەوتووە. دواتر بڵاوەی کرد بۆ ناوچەکانی تر. شێوازی هاوسەرگیریی میسیار لە شوێنێکەوە بۆ شوێنێکی تر جیاوازە. ئەمەش بە گوێرەی جیاوازیی داب و نەریت و مەزهەبە فیقهییە جیاوازەکان، چونکە هەندێک لە کۆمەڵگەکان بە هۆکاری داخران، ئەم جۆرە هاوسەرگیرییە بە ئاشکرا قبووڵ ناکرێت و بە ناچاریی بە شێوەی نهێنیی ئەکرێت.

## سێیەم: ڕەهەندە فیقهییەکانی هاوسەرگیریی میسیار لە هەرێمی کوردستان

هاوسەرگیریی میسیار لە وڵاتانی تر، بە شێوەیەکی گشتیی ژن دەستبەرداری مافی خۆی ئەبێت لە نەفەقە، بەتایبەت ئەو ژنانەی کە دۆخی ئابوورییان باشە، هەر ئەمەش بووە بە تایبەتمەندیی سەرەکیی هاوسەرگیریی میسیار و یەکێکە لەو رووخسارانەی هاوسەرگیرییەکەی پێ ئەناسرێتەوە. (رؤوف،٢٠٢٠، ١٥٢) لە رووی نەفەقە و شوێنی مانەوەوە، هاوسەرگیریی میسیار نوێ نییە. لە رۆمای کۆندا دوو جۆر هاوسەرگیریی هەبووە، (cum manu) لەگەڵ (sine manu)، جۆری دووەم نزیکایەتیی زۆری لەگەڵ هاوسەرگیریی میسیار هەیە، چونکە لەو جۆرەدا و لە سەردەمی رۆمای کۆن، ژن لە دوای ئەوەی هاوسەرگیریی ئەکرد، لەگەڵ باوک و دایکی، لە ژێر کۆنترۆڵی باوکی و لە نێو موڵکی تایبەت بە خۆی ئەمایەوە. (Bakan, ٢٠٢٢, ٧٤) لە هاوسەرگیریی میسیاردا لە هەرێمی کوردستان بابەتی نەفەقە لە وڵات و کۆمەڵگەکانی تر جیاوازە. لەم چەند ساڵەی دواییدا، کۆمەڵگەی کوردیی ئاشنایەتیی لەگەڵ ئەم جۆرە هاوسەرگیرییە پەیدا کردووە. ئەمەش ئەگەڕێتەوە بۆ چەند هۆکارێکی جیاواز کە دواتر بە درێژیی باسیان ئەکەین، بەڵام لێرەدا ئێمە زیاتر قسە لەسەر لایەنە فیقهیی و شەرعییەکەی ئەکەین. بۆ ئەم مەبەستەش چەند دیدار و چاوپێکەوتنێکمان لەگەڵ کەسانی شارەزا لە فیقهی ئیسلامیی و ئاگادار لەم جۆرە هاوسەرگیرییە لە هەرێمی کوردستان کردووە، بە مەبەستی بەدەستهێنانی ئەنجامی روون و دڵنیاکەرەوە سەبارەت بە فەتوایەکی یەکلاکەرەوە لەبارەی درووستیی و نادرووستیی میسیار، بەڵام هەوڵەکانمان لەم بارەیەوە بێ ئەنجام بوو، چونکە تاوەکو ئێستا فەتوایەکی روون و یەکلاکەرەوە لەم بارەیەوە لە هەرێمی کوردستان نییە. لیژنەی باڵای فەتوای هەرێمی کوردستان کە بارەگاکەی ئەکەوێتە شاری هەولێر، لە رۆژی ٣١ی ئابی ٢٠٢٢، لە روونکردنەوەیەکدا ئاماژەی بەوە کردووە، "لەم چەند رۆژەی دواییدا پرسی هاوسەرگیریی میسیار لە چەند کەناڵێکی راگەیاندن و سۆشیال میدیاوە بووە مژاری رۆژ و هاووڵاتییانی بەو بابەتەوە سەرقاڵ کرد. ئێمە لە ئەنجوومەنی باڵای فەتوای یەکێتیی زانایان، سەرنجی موسوڵمانان و هاووڵاتییان بۆ ئەو راستییە رائەکێشین، کە ئەو هاوسەرگیرییە پێچەوانەی عورفی کۆمەڵگەی کوردییە و بۆ کۆمەڵگەی ئێمە گوونجاو نییە و بە پەسەندی نازانیین، بە هۆی نەگوونجانی لەگەڵ مەقاصیدەکانی هاوسەرگیریی لە ئیسلامدا. بۆیە داوا ئەکەین لە زانایانی ئایینی بەرێز خۆیان لە کردنی گرێبەستی ئەو هاوسەرگیرییە دوور بخەنەوە." هەرچەندە روونکردنەوەکەی لیژنەی باڵای فەتوا بە ئاشکرا ئەم جۆرە هاوسەرگیرییە بۆ کۆمەڵگەی کوردییە بە نەشیاو لە قەڵەم ئەدات و داوا لە خەڵک ئەکات خۆیانی لێ بە دوور بگرن، بەڵام خۆی لەوە بە دوور گرتووە بە روونیی فەتوای "حەرامبوونی" ئەم جۆرە هاوسەرگیرییە دەربکات. ئەمەش بەهۆی چەند هۆکارێکی زانستیی و بابەتیی کە لە کاتی

چاوپێکەوتنەکانـدا بـە روونیـی لەسـەری راوەسـتاون. بۆیـە لێـرەدا بـە پێویسـتی ئەزانییـن بۆچوونەکانـی لیژنەکـە بخەینـە روو. بـە بۆچوونـی ئەندامانـی لیژنـەی فەتـوا، هەندێـک هـۆکاری کۆمەڵایەتیـی و کەسـیی وا ئەکـەن ئـەم هاوسـەرگیرییە بـۆ کەسـانێکی دیاریکـراو پێویسـت بێـت، بـەم شـێوازەی کـە لـە هەرێمـی کوردسـتان پەیـڕەو ئەکرێـت. لـە هەمـان کاتـدا هۆکارگەلێکـی دیکـە هـەن کـە وا ئەکـەن هاوسـەرگیرییەکە نەگونجـاو بێـت بـۆ کەسـانێکی دیاریکـراو. هۆکارەکانیـش لـەم بارەیـەوە جیـاوازن کـە ئابووریـی، کۆمەڵایەتیـی، ئایینـی و کەلتووریـن. ناشـبێت لـەوەش بێئاگابیـن کـە هەندێـک جـار خەڵکانێـک بـە نـاوی هاوسـەرگیریی میسـیارەوە پەیوەندیـی سـۆزداریی و سێکسـیی ئەبەسـتن، بـە بـێ ئـەوەی بنەمـا و مەرجەکانـی هاوسـەرگیریی شـەرعیی تێـدا پەیـڕەو بکرێـت. بێگومـان ئـەم جـۆرە "بە نـاو هاوسـەرگیرییە" بەتاڵ و ناشـەرعییە.

وەک دکتـۆر حەسـەن موفتـی، سـەرۆکی لیژنـەی بـاڵای فەتـوا لـە هەرێمـی کوردسـتان ئامـاژەی پـێ ئـەکات، "ئـەم جـۆرە هاوسـەرگیرییە لـە کەلەپـووری فیقهـی ئیسـلامییدا باسـی لێـوە نەکـراوە. هەرچەنـدە ئـەم جـۆرە هاوسـەرگیرییە، بنەماکانـی هاوسـەرگیریی شـەرعییش لەخۆبگرێـت، بـەڵام هـەر کارێکـی نامـۆ و بێـزراوە لـە کۆمەڵـگای ئێمـەدا، هەروەها مەبەسـتەکانی هاوسـەرگیریی شـەرعیی بەجـێ ناهێنێـت کـە ئیسـلام بانگەشـەی بـۆ ئـەکات". (چاوپێکەوتـن لەگـەڵ سـەرۆکی لیژنـەی بـاڵای فەتـوا، رێککەوتـی ٢٠٢٤\٧\١٤)

لـە شـەریعەتی ئیسـلامییدا هاوسـەرگیریی ئەبێـت لەسـەر بنەمـای خۆشەویسـتیی، دڵئارامیـی و پێکەوەبوونـی بـەردەوام پێـک بهێندرێـت، چونکـە مـرۆڤ بـە سروشـتی خـۆی خواسـتی نزیکایەتیـی و پێکـەوە بوونـی هەیـە لەگـەڵ رەگـەزی بەرامبـەر، ئەمـەش بـە مەبەسـتی بەدەسـتهێنانی ئاسـودەیی دەروون. وەک لـەم ئایەتـەدا ئامـاژەی پێکـراوە: (وَمِـنْ آياتِـهِ أَنْ خَلَـقَ لَكُـمْ مِـنْ أَنْفُسِـكُمْ أَزْواجـاً لِتَسْـكُنُوا إِلَيْهـا وَجَعَـلَ بَيْنَكُـمْ مَـوَدَّةً وَرَحْمَـةً إِنَّ فِي ذلِـكَ لَآيـاتٍ لِقَـوْمٍ يَتَفَكَّـرُونَ)، ئیـمام فەخرەددینـی رازی لـە راڤـەی ئـەم ئایەتـەدا دەفەرموێـت مەبەسـت لـە رسـتەی " لِتَسْـكُنُوا إِلَيْهـا " لایەنـی مەعنەویـی و ئارامیـی دڵ و دەروونـە.( الـرازي،١٤٢٠، ج٢٥، ص٩١) کەواتـە یەکێـک لـە ئامانجەکانـی هاوسـەرگیریی شـەرعیی، دەسـتەبەرکردنی ئارامیـی دەروونـە بـۆ ژن و مێـرد .

بـە گوێـرەی بۆچوونـی سـەرۆکی لیژنـەی بـاڵای فەتـوا لـە هەرێمـی کوردسـتان، هاوسـەرگیریی میسـیار بـەو شـێوەیەی لـە هەرێمـی کوردسـتان پەیـڕەو ئەکرێـت، دڵنیایـی و سـەقامگیریی دەروونیـی دەسـتەبەر نـاکات، بەڵکـو بـە پێچەوانـەوە ئـەو کەسـانەی ئـەم جـۆرە هاوسـەرگیرییە ئەکـەن لـە پیـاوان و ژنـان، لـە دۆخێکـی ناجێگیریـی دەروونییـدا ژیـان بەسـەر ئەبـەن. ئەمـەش بـە هـۆی نهێنییبوونـی کارەکەیـان و ترسـیان لـە ئاشـکرابوون لای کەسـانی نزیکـی خۆیـان و کۆمەڵـگا. "

دکتـۆر حەسـەن موفتـی بـەردەوام بـوو لـە باسـکردنی کێشـەکانی هاوسـەرگیریی میسـیار و گوتـی، "ئامانجـی ئـەم هاوسـەرگیرییە لـە بەجێهێنانـی خواسـتی سێکسـیی دوولایەنـەدا کـورت کراوەتـەوە، بـە بـێ ئـەوەی گرنگیـی بـدەن بـە مەبەسـتە باڵاکانـی هاوسـەرگیریی کـەوا شـەریعەتی ئیسـلام دیـاری کـردوون." (چاوپێکەوتـن لەگـەڵ سـەرۆکی لیژنـەی بـاڵای فەتـوا، رێککەوتـی ٢٠٢٤\٧\١٤)

بـە گوێـرەی بەدوواداچوونەکانـی ئێمـەش بـۆ ئـەم جـۆرە هاوسـەرگیرییە لـە هەرێمـی کوردسـتان، بـە پلـەی یەکـەم، خواسـتی سێکسـیی هـۆکاری ئـەم جـۆرە هاوسـەرگیرییەیە. لـە کاتێکـدا گومانـی تێـدا نییـە خواسـتی سێکسـیی لایەنێکـی گرنگیـی بابەتـی هاوسـەرگیرییە، هەروەهـا شـەریعەتی ئیسـلامییش رەچـاوی ئـەم لایەنـەی کـردووە، کاتێـک یاسـا و رێسـای بـۆ هاوسـەرگیریی دانـاوە، بـەڵام تاکـە هـۆکار و بنەمـای هاوسـەرگیریی نییـە، بەڵکـو کۆمەڵێـک بابەتـی تـر هەیـە لـە ژیانـی هاوسـەرگیرییدا پەیوەسـتە بـە کۆمەڵگـە و خێزانـەوە، ئەمـە لـە کاتێکـدا بەهـا باڵاکانـی خێـزان لـە هاوسـەرگیریی میسـیاردا فەرامـۆش ئەکرێـن.

بەدەر لە لایەنە فیقهییەکان، کەلتووری کۆمەڵگەش یەکێکە لەو بنەمایانەی کەوا لیژنەی فەتوا لە فەتواکانیدا پشتی پێ ئەبەستێت و ڕەچاوی ئەکات، لە ڕەتکردنەوەی ئەم جۆرە هاوسەرگیرییە. وەک دکتۆر حەسەن پشدەری، بڕیاردەری لیژنەی باڵای فەتوا لە هەرێمی کوردستان ئاماژەی بۆ ئەکات، «هاوسەرگیریی میسیار بە کۆمەڵگەی کوردیی نامۆیە، لەبەرئەوەشە بە شێوازێکی تەواو نهێنیی ئەکرێت، لە کاتی ئاشکرابوونیدا، بکەرانی ڕووبەڕووی کێشەی کۆمەڵایەتیی گەورە ئەبنەوە.» (چاوپێکەوتن لەگەڵ بڕیاردەری لیژنەی باڵای فەتوا، ڕێککەوتی ٢٠٢٤\٧\٥)

ئەو ئەندامەی لیژنەی باڵای فەتوا چەند نموونەیەکی خستە ڕوو کە کێشەی کۆمەڵایەتییان لێ کەوتووەتەوە، تا ئاستی هەڕەشەی کوشتن، بۆیە داوا ئەکات خەڵک پەنا بۆ ئەم هاوسەرگیرییە نەبەن و خۆیانی لێ بە دوور بگرن. تا وەکو تووشی کێشەی کۆمەڵایەتیی نەبن.»

سەبارەت بەوەی تا وەکو چەند میسیار مەبەستە شەرعییەکانی هاوسەرگیریی تێدایە، بڕیاردەری لیژنەی باڵای فەتوا ئەڵێت، «ئەم جۆرە هاوسەرگیرییە، مەبەستە شەرعییەکانی هاوسەرگیریی شەرعیی تێدا نییە و بەجێیان ناهێنێت، بەڵام ئەمە واتای ئەوە نییە کە هاوسەرگیرییەکە حەرام بێت، چونکە گرێبەستی هاوسەرگیریی میسیار درووستە و مەرج و بنەماکانی گرێبەستی هاوسەرگیریی شەرعیی تێدایە.» (چاوپێکەوتن لەگەڵ بڕیاردەری لیژنەی باڵای فەتوا، ڕێککەوتی ٢٠٢٤\٧\٥)

د. حەسەن پشدەری ئاماژەی بەوەش کرد، «بەجێ نەهێنانی مەبەستەکانی شەریعەت لە هاوسەرگیریی میسیار، نابێتە بەڵگەی حەرامبوونی هاوسەرگیرییەکە، چونکە مەبەستەکانی شەریعەت، بابەتگەلێکی بەدەر و جودان لە بنەماکانی گرێبەستی هاوسەرگیریی. بۆیە ئەکرێت گرێبەستەکە درووستبێت، ئەگەر مەبەستەکانیش بەجێ نەهێندرابن. لەبەرئەوە، دەرکردنی فەتوا و بڕیارێک بۆ حەرامکردنی هاوسەرگیریی میسیار پێویستە پشتئەستوور بێت بە دەقێکی شەرعیی، لێرەشدا دەقێکی لەو جۆرەمان نییە کە پاڵپشت بێت بۆ دەرکردنی فەتوای حەرامکردنی هاوسەرگیریی میسیار». (چاوپێکەوتن لەگەڵ بڕیاردەری لیژنەی باڵای فەتوا، ڕێککەوتی ٢٠٢٤\٧\٥) هەرچەندە لەبەر ئەم هۆکارانە، داوا ئەکات خەڵک خۆیان بە دوور بگرن لەم جۆرە هاوسەرگیرییە، بەڵام دڵنیایی نەدا لە حەرامبوونی هاوسەرگیرییەکە.

سەبارەت بە حەرامبوونی هاوسەرگیریی میسیار، د، حەسەن موفتی ئەڵێت: «هاوسەرگیرییەکە حەرامە، بەڵام بەهۆکارێکی دەرەکیی، نەک خودیی، ئەویش بە پشتبەستن بەم یاسا فیقهییەی کە ئەڵێت، (ما يؤدي إلى الحرام حرام سدا للذريعة). (الغزي، ٥، ٣٠) واتە: «هەر کارێک سەربکێشێت بۆ حەرامێک، حەرامە.» کەواتە، بە هۆکاری ئەوەی هاوسەرگیریی میسیار سەرئەکێشێت بۆ حەرام، ئەکرێت وەک حەرام ناوی بهێندرێت». (چاوپێکەوتن لەگەڵ سەرۆکی لیژنەی باڵای فەتوا، ڕێککەوتی ٢٠٢٤\٧\١٤) بۆیە بانگی خەڵکی ئەکات بۆ ئەوەی تووشی حەرام نەبن، خۆیان لەم هاوسەرگیرییە بە دوور بگرن. لە هەمان کاتدا، بە هۆکاری بوونی بنەما و مەرجەکانی هاوسەرگیریی شەرعیی، ناکرێت بڵێین خودی هاوسەرگیرییەکە حەرامە، چونکە دەرکردنی فەتوایەکی لەو جۆرە پەیوەستە بە سرووشتی کردنی هاوسەرگیرییەکە. هەندێک جار یەکێک لە دوو لایەنەکەی هاوسەرگیرییەکە لایەنی بەرامبەر بەکارئەهێنێت بۆ مەبەستێکی تر و تایبەت. بۆیە بۆچوونی ئەوان پێش بڕیاردان لەسەر هاوسەرگیرییەکە، پێویستە لێکۆڵینەوەی ورد و فرەلایەن لەبارەی کۆی پرۆسەکە بکرێت. ئەمەش لە حاڵەتێکەوە بۆ حاڵەتێکی تر جیاوازە. لە هەندێک نموونەی هاوسەرگیریی میسیاردا هۆکاری حەرامکردن هەیە، بەڵام لە هەندێک نموونەی تردا ئەکرێت ئەو هۆکارانە نەبن. وەک زانایانی ئوسووڵی فیقهی باسیان کردووە، دەرکردنی حوکمی شەرعیی پەیوەستە بە هۆکارەوە. ئەگەر هۆکاری

حەرامبـوون هەبـوو لـە هاوسـەرگیرییەکەدا ئـەوا حەرامـە و ئەگـەر نەشـبوو، ئـەوا حـەرام نییـە.

چوارەم: هاوسەرگیریی میسیار یاخود هاوسەرگیری موتعە

ئـەو رەخنـە و تێبینییانـەی لەبـارەی هاوسـەرگیریی میسـیار هـەن لـە هەرێمـی کوردسـتان، فرەڕەهەنـد و جیـاوازن، یەکێک لەوانـەش پەیوەسـتە بـە مـاوەی هاوسـەرگیرییەکە. بـۆ نموونـە ئەگووترێـت: میسـیار هاوسـەرگیرییەکی کاتییـە، بـە مەبەسـتی تێرکردنـی ئـارەزووی سێکسـیی. هـەر ئەمـەش هـۆکارە بـۆ ئـەوەی کـە سـەرۆکی لیژنـەی بـاڵای فەتـوا، میسـیار بەوە وەسـف بـکات کـە جۆرێکـە لـە هاوسـەرگیریی «موتعـە». ئـەوەی زیاتـر لـە لایـەن شـیعەی ئیمامییـەوە ئەنجـام ئەدرێـت. ئەویـش جۆرێکـە لـە هاوسـەرگیریی کـە بـە گرێبەسـتێکی کاتیـی و بـۆ ماوەیەکـی دیاریکـراوە. هاوسـەرگیریی موتعـە لـە کتێبـە فیقهییەکانـدا بـەم شـێوەیە پێناسـە کـراوە: (معنـى نـكاحِ المُتْعـةِ أن يتَـزَوَّجَ المـرأةَ مُـدّةً، مثـل أن يقـولَ: زَوَّجْتُـكَ ابْنَتِـي شَـهْرًا، أو سَـنَةً، أو إلى انْقِضـاءِ المَوْسِـمِ، أو قُـدُومِ الحـاجِّ. وشِـبْهِهِ، سـواءٌ كانـت المُـدَّةُ معلومـةً أو مجهولـةً. فهـذا نِـكاحٌ باطـلٌ). (ابـن قدامـة،١٩٩٧، ج١٠، ص٤٦) تایبەتمەندیـی ئـەم جـۆرە هاوسـەرگیرییە ئەوەیـە کـە لـە کاتـی گرێبەسـتەکەدا مـاوەی هاوسـەرگیرییەکە دیـاری ئەکرێـت، ئیـتر ماوەکـە کـەم بێـت یاخـود زۆر جیاوازیـی نییـە. بێگومـان هیـیچ هاوسـەرگیرییەکی کاتییـش لـە فیقهـی ئیسـلامییدا قبووڵکـراو نییـە.

بۆیـە دکتـۆر محەمـەد عەبـدوڵا سـەرۆکی لیژنـەی فەتـوا لـە سـلێمانی ئەڵێـت: «هەندێـک کات ئەوترێـت؛ هاوسـەرگیریی میسـیار، هاوسـەرگیرییەکی کاتییـە بـە مەبەسـتی تێرکردنـی ئـارەزووی سێکسـیی، بـەڵام ئەمـە نابێتـە هـۆکاری حەرامبوونـی هاوسـەرگیرییەکە، چونکـە گرێبەسـتی هاوسـەرگیریی بـە مەبەسـتی جیابوونـەوە درووسـتە، بـە مەرجێـک کەسـەکە لـە کاتـی گرێبەسـتەکەدا مەبەسـتەکەی دەرنەبڕێـت، لـەم کاتـەدا کەسـەکە تاوانبـار ئەبێـت لەسـەر ئـەوەی مەبەسـتەکەی (نییەتەکەی) شـاردووەتەوە لـە کاتـی گرێبەسـتەکەدا».(چاوپێکەوتن لەگـەڵ سـەرۆکی لیژنـەی فەتـوای سـلێمانی، ڕێککەوتـی ٢٠٢٤\٧\١٧)

ئەگـەر لـە کاتـی گرێبەسـتەکەدا بـە ئاشـکرا مـاوە بـۆ گرێبەسـتەکە دیـاری کرا، ئـەوە بە هەمـوو شـێوەیەک ئەو هاوسـەرگیرییە بەتاڵـە. وەک ئیمامـی شـافیعی ئەفەرموێـت:( كل نـكاح إلى وقـت معلـوم أو مجهـول فالنـكاح مفسـوخ، لا مـيراث بـين الزوجـين، وليـس بـين الزوجـين شيء مـن أحـكام الأزواج، طـلاق ولا ظهـار، ولا إيـلاء، ولا لعـان، إلا بولـد، وإن كان لم يصبهـا فـلا مهـر لهـا، وإن كان أصابهـا فلهـا مهـر مثلهـا، لا مـا سـمي لهـا، وعليهـا العـدة، ولا نفقـة لهـا في العـدة وإن كانـت حامـلا). (الشـافعي، الأم، ٥، ٨٦)

سـەرۆکی لیژنـەی فەتـوا لـە سـلێمانی بـەردەوام بـوو لەسـەر قسـەکردن لەبـارەی هاوسـەرگیریی بـە نیـازی جیابوونـەوە و گوتـی، «هـەر هاوسـەرگیرییەک بـە شـێوەی کاتیـی کـرا، ئـەوا گرێبەسـتەکە هەڵئەوەشـێندرێتەوە و دوو هاوسـەرەکە جیـا ئەکرێنـەوە. پێویسـتە لەسـەر ژنەکـە عیـددەی جیابوونـەوە تـێ بپەڕێنێـت و لـەم جـۆرە حاڵەتـەدا ئەگـەر پیاوەکـە مـرد، ژنەکـە میراتـی لـێ ئەبـات. هەروەهـا ئەگـەر هاتـوو پیاوەکـە نیـازی خـۆی گـۆڕی، بـە ئاڕاسـتەی بـەردەوام بوونـی لـە هاوسـەرگیرییەکە، ئـەوا درووسـتە. بـە هەمـان شـێوە لـە هاوسـەرگیریی میسیاریشـدا ئـەم جـۆرە حوکمانـە پەیـڕەو کـراون. ئەگـەر هاوسـەرگیرییەکە بـۆ کاتێکـی دیاریکراویـش بێـت، مـادام لـە کاتـی بەسـتنی گرێبەسـتەکەدا باسـی مـاوە نەکرابێـت.» (چاوپێکەوتـن لەگـەڵ سـەرۆکی لیژنـەی فەتـوای سـلێمانی، ڕێککەوتـی ٢٠٢٤\٧\١٧)

د. محەمـد عەبـدوڵا بۆچوونـی وایـە، ئـەم حوکمـە فیقهییانـە پەیـڕەو ناکرێـن لـە هاوسـەرگیریی موتعـەدا. بۆیـە جیاوازییەکـە روونـە لـە نێـوان میسـیار و موتعـەدا. یەکەمیـان هیـیچ کێشـەیەکی فیقهیـی نییـە و لـە بازنـەی حەڵاڵـدا جیـگای ئەبێتـەوە، بـەڵام دووەمیـان ئەچێتـە خانـەی حەرامـەوە، چونکـە جۆرێکـە لـە بـە کرێدانـی جەسـتە، وەک بـە کرێدانـی خانـوو و شـتی

مـاددی. سـەرۆکی لیژنـەی فەتـوا لـە سـلێمانی باسـی لـەوە کـرد، «هەفتانـە چەندییـن کـەس بەمەبەسـتی چارەسـەرکردنی کێشـە کۆمەڵایەتییەکانـی پەیوەسـت بـە هاوسـەرگیریی، جیابوونـەوە، میـرات، منـداڵ و نەفەقـە رووبـەڕووی ئێمـە ئەبنـەوە. هەندێک لـەو کێشـانەش پەیوەسـتن بـە هاوسـەرگیریی میسـیار. بـۆ نموونـە هەندێـک جـار بەهـۆی میسـیارەوە، منـداڵ لـە دایـک ئەبێـت، کـە کێشـە بـۆ دایـک و باوکەکـە و خـوودی منداڵەکـەش درووسـت ئـەکات، چونکـە ئـەم منداڵـە بـێ بـەش ئەبێـت لـە ناسـنامە، پاسـپۆرت، میـرات و نەفەقـە. وەک چـۆن هەندێـک جـار، پیاوەکـە رووبـەڕووی کێشـە ئەبێتـەوە، چونکـە ژنەکـە گرنگیـی پـێ نـادات و بـە دەم پیاوەکـەوە ناچێـت. لـە هەندێـک دۆخیشـدا ژنەکـە ئەبێتـە قوربانیـی و بـەکار ئەهێندرێـت.» (چاوپێکەوتـن لەگـەڵ سـەرۆکی لیژنـەی فەتـوای سـلێمانی، رێککەوتـی ٢٠٢٤\٧\١٧)

کـۆی ئـەو هۆکارانـە سـەرۆکی لیژنـەی فەتـوا لـە سـلێمانی ناچـار ئـەکات، میسـیار بـە هاوسـەرگیرییەکی سـەرپێیی و بـێ ناسـنامە نـاو ببـات و پێـی وا بێـت تەنهـا کەسـانێکی دیاریکـراو کـەوا بـە باشـی پەیوەسـتیی ئایینداریـی نییـن پەنای بـۆ ئەبەن. لەبەرئـەوەی ئـەم جـۆرە هاوسـەرگیرییە مەبەسـتەکانی هاوسـەرگیریی شـەرعیی ناهێنێتـە جـێ، هەرچەنـدە مەرجەکانـی هاوسـەرگیریی ئاساییشـی تێـدا بێـت. دکتـۆر محمـد داوا ئـەکات تەنیـا لـە کاتـی زۆر ناچارییـدا نەبێـت، باشـترە پەنـا بـۆ ئـەم جـۆرە هاوسـەرگیرییە نەبرێـت.

بـە گوێـرەی بەدواداچوونەکانـی ئێمـە، سـنووردارکردنی فرەژنیـی، یەکێکـە لـەو هۆکارانـەی کـە وای لـە بەشـێک لـە خەڵـک کـردووە پەنـا بـۆ میسـیار ببـەن. پەیوەسـتە بـەم باسـەوە، د. محەمـەد عەبـدوڵا ئەڵێـت: «ئێمـە وەک لیژنـەی فەتـوا لـە هەرێمـی کوردسـتان، داوایەکـمان پێشـکەش بـە لایەنـی پەیوەندیـدار لـە حوکومـەت کـردووە، بـۆ ئـەوەی لـە نێـو دادگاکانـدا بەشـێکی تایبـەت بـە تۆمارکردنـی گرێبەسـتی هاوسـەرگیریی میسـیار بکرێتـەوە، هەتـا کۆمەڵگەکەمـان بـە دەور بگریـن لـە کێشـە و لێکەوتەکانـی هاوسـەرگیریی میسـیار، کـە ڕەهەنـدی یاساییان نییـە، چونکـە لـە لایـەن دادگـەوە دانـی پێدا نانرێـت و تۆمـار ناکرێـت. لـە کاتێکـدا هاوسـەرگیریی میسـیار، بووەتـە ئەمـری واقیـع و ناتوانیـن خۆمانـی لـێ لادەیـن. بۆیـە پێویسـتە کۆمەڵگەکەمانـی بـۆ ئامـادە بکەیـن لـە رووی یاسـایی، ئایینـی و کەلتووریـیـەوە». .(چاوپێکەوتـن لەگـەڵ سـەرۆکی لیژنـەی فەتـوای سـلێمانی، رێککەوتـی ٢٠٢٤\٧\١٧) چوونکـە ئێمـە ئەبێـت بـۆ هەمـوو پێشـهاتێک دەرچەیەکـی یاسـاییمان هەبێـت ئەگـەر ئـەو پێشـهاتە ناپەسـەندیش بێـت، ناچاریـن بـە یاسـا لەگەڵیـدا هەڵکەیـن.

لـە کۆتاییـدا سـەرۆکی لیژنـەی فەتـوای سـلێمانی داوا ئـەکات، رێوشـوێنەکانی پەیوەسـت بـە هاوسـەرگیریی ئاسـایی و بـاو ئاسـان بکرێـن، بـۆ ئـەوەی بـە دوور بییـن لـەو کێشـە کۆمەڵایەتییانـەی لـە ئەنجامـی کـۆت و بەنـدی کۆمەڵگـە و دادگاکانـەوە لەسـەر پرۆسـەی هاوسـەرگیریی دانـراون.

لـە ئەنجامـی ئـەم بۆچوونانـە دەرئەکەوێـت کـەوا لیژنـەی بـاڵای فەتـوای هەرێمـی کوردسـتان و لیژنـەی پارێـزگاکان، وەک پرسـێکی تایبـەت و کەسـیی مامەڵـە لەگـەڵ هاوسـەرگیریی میسـیار ئەکـەن و فەتوایەکـی گشـتێندراویان نییـە، واتـە بابەتەکـە وەک پرسـێکی کۆمەڵایەتیـی گشـتیی تەماشـا ناکرێـت. بۆیـە تەنهـا لـە چوارچێـوەی حاڵەتـە کەسـییەکان و ئـەو کێشـانە مامەڵـەی لەگـەڵ ئەکـەن، کـە بـە هـۆی ئەنجامدانـی هاوسـەرگیریی میسـیار سـەرهەڵ ئـەدەن.

تەوەری دووەم: ڕەهەندە کۆمەڵایەتییەکانی هاوسەرگیریی میسیار لە هەرێمی کوردستان

لـە هەرێمـی کورسـتان کـە زۆرینـەی شـوێنکەوتەی مەزهەبـی شـافعین، هاوسـەرگیریی ئاسـایی بـاوە کـە بریتییـە لـەو هاوسـەرگیرییەی بوونـی دوو شـاهید، ئامادەبوونـی وەلـی ئەمـر و ئاشـکرا ئەنجامدانـی مارەبریـن بنەمـا سـەرەکییەکانییەتی. لـەم جـۆرە هاوسەرگیرییەشـدا هەندێـک لـە پیـاوان زیاتـر لـە هاوسـەرێکیان هەیـە و پێـی ئەگوترێـت فرەژنیـی، کـە لـە

ماوەی دوو دەیەی رابردوودا، هەمیشە جێگای ناکۆکیی و مشتومڕی زۆری نێو کۆمەڵگەی کوردیی و تەنانەت کایەی سیاسیی بووە.

ناکۆکییەکان لە نێوان لایەنگرانی یەکهاوسەریی و فرەهاوسەریی بەردەوامبوو، تا وەکو ئەو کاتەی لە ساڵی ٢٠٠٨ پەرلەمانی کوردستان یاسای باری کەسێتیی هەمووار کردەوە کە یاسای ژمارە ١٨٨ی ساڵی ١٩٥٩یە لە یاسای باری کەسێتیی عێراقیی.

بە گوێرەی ماددەی ١٨ لە یاسای ژمارە ١٥ی هەمووارکراوی ٢٠٠٨، چەند مەرج و کۆت و بەندێک بۆ هاوسەرگیریی دووەم و زیاتر دانران، لەوانەش؛ نابێت هاوسەرگیریی ژنێك زیاتر بێت مەگەر بە رێگەپێدانی دادوەر نەبێت و دەبێت رێگەپێدانیشی ئەم مەرجانەی تێدابێت وەك: لە بەردەم دادگا رەزامەندیی ژنی یەکەم وەربگیرێت لەسەر هێنانی ژنی دووەم. تووشبوونی ژنەکە بە نەخۆشییەکی درێژخایەنی سەلمێندراو کە رێگا لە کاری سەرجێی بگرێت و ئومێدی چاکبوونەوەی نەبێت، یاخود توانای منداڵبوونی نەبێت. ئەو پیاوەی لە ژنێك زیاتر ئەهێنێت، ئەبێت توانای دارایی وای هەبێت کە بەشی بەڕێوەبردنی هەردوو هاوسەرەکەی بکات، ئەبێت بە بەڵگە ئەوە بسەلمێنێت و نابێت ژنی یەکەم لە کاتی گرێبەستی هاوسەرگیریی مەرجی دانابێت کە هەوێی بەسەر نەهێنێت. هەر پیاوێك گرێبەستی هاوسەرگیریی بۆ زیاتر لە ژنێك بە پێچەوانەی هەریەك لە مەرجەکانی ماددەی دووەمی یاساکە کرد، بۆ ماوەیەك زیندانیی ئەکرێت کە لە شەش مانگ کەمتر نەبێت و لەساڵێك زیاتر نەبێت و سزاش دەدرێت بە بڕی ١٠ ملیۆن دینار. ئەم مەرجانەش لە یاسای ژمارە ١٨٨ی باری کەسێتیی ساڵی ١٩٥٩دا نییە، کە لە عێراق کاری پێ ئەکرێت. (رۆژنامەی وەقائیعی کوردستان،٢٠٠٨، ژمارە ٩٥)

## یەکەم: پاش قەدەغەکردنی فرەژنیی

لەگەڵ ئەوەی چاوەڕوانییەکان، بە تایبەتی چاوەڕوانییەکانی رێکخراوەکانی ژنان و بەرگریکارانی هەمووارەکە ئەوە بوو فرەژنیی و هێنانی ژنی دووەم لە هەرێمی کوردستان کۆتایی بێت، یان زۆر کەم ببێتەوە، بەڵام بەو جۆرە دەرنەچوو. بە گوێرەی ئاماری بڵاوکراوە لە لایەن ئەنجوومەنی دادوەریی هەرێمی کوردستان، لە ساڵی ٢٠١٨دا، رێگا بە ٨٩ پیاو، لە ٢٠٢١دا رێگا بە ١٠١ پیاو، لە ساڵی ٢٠٢٢دا رێگا بە ٨١ پیاو، لە ساڵی ٢٠٢٣دا رێگا بە ٨٣ پیاو دراوە هاوسەرگیریی دووەم بکەن. (ئاماری ئەنجوومەنی دادوەریی هەرێمی کوردستان لەبارەی مامەڵە ئەنجامدراوەکانی دادگاکانی هەرێمی کوردستان ٢٠٢١-٢٠٢٣)

سەرەڕای ئەمە، ئەو پیاوانەی لە هەرێمی کوردستان ویستوویانە ژنی دووەم بهێنن و نەبەسترێنەوە بە مەرجەکانەوە، بۆ بەڵێننامەی هاوسەرگیرییەکەیان روویان لە ناوچەکانی دەرەوەی هەرێمی کوردستان کردووە، تاوەکو بە یاسای باری کەسێتیی عێراقی هاوسەرگیریی دووەم، سێیەم و چوارەمیان بکەن.

بەشێک لە پیاوان لە هەرێمی کوردستان، بۆ ئەوەی نەبەسترێنەوە بە یاسای هەرێمی کوردستان و عێراقیش، پەنایان بۆ هاوسەرگیریی میسیار بردووە. ( https://newjin.net/details.aspx?kodtech=٢٠٦٩٩)

## دووەم: بڵاوبوونەوەی هاوسەرگیریی میسیار لە هەرێمی کوردستان

بڵاوبوونـەوەی هاوسـەرگیریی میسـیار لـە هەرێمـی کوردسـتان کـە بەشـێکە لـە کۆمەڵگـە ئیسـلامییەکان، گۆڕانکارییەکـی گەورەیـە لـە ژیانـی کۆمەڵایەتیـی، پەیمانـی کۆمەڵایەتیـی، جـۆری هاوسـەرگیریی، ڕێکخسـتنەوەی پەیوەندییـە کۆمەڵایەتیـی و خێزانییـەکان.

مـاوەی چەنـد سـاڵێکە ئـەم جـۆرە هاوسـەرگیرییە لـە هەرێمـی کوردسـتاندا بـە شـێوەیەکی فـراوان بڵاوبووەتـەوە. لەبەرئەوەی هاوسـەرگیرییەکە بـە شـێوەی نهێنیـی و لـە دەرەوەی دادگـەکان ئەکرێـن، هیـچ ئامارێـک نییـە ژمـارەی راسـتیی ئـەم جـۆرە هاوسـەرگیرییە بخاتـەڕوو.

ئێمـە لـەم توێژینەوەیـەدا بـە پلـەی یەکـەم پشـتمان بـە گوتـەی بەشـێک لـەو مامۆسـتا ئایینییانـە بەسـتووە، کـە بڕوایـان بـەم جـۆرە هاوسـەرگیرییە هەیـە و بەشێکیشـیان بـۆ خەڵکـی دەکـەن. لەگـەڵ راپرسـییەک کـە لـە نێـو ژمارەیـەک لـەو کەسـانەی هاوسـەرگیرییەکەیان کـردووە کردوومانـە.

## سێیەم: هۆکارەکانی سەرهەڵدانی هاوسەرگیریی میسیار لە هەرێمی کوردستان

لـە دوای قەدەغەکردنـی فرەژنیـی، جگـە لـە هاوسـەرگیریی لـە دەرەوەی دادگەکانـی هەرێمـی کوردسـتان لـە لایـەن هاوڵاتیانـی هەرێمـی کوردسـتانەوە، هاوسـەرگیریی میسـیاریش رووی لـە هەڵکشـان کـرد، واتـە یەکێـک لـە هـۆکارە سـەرەکییەکانی زیادبوونـی پرۆسـەی هاوسـەرگیریی میسـیار لـە هەرێمـی کوردسـتان، قەدەغەکـردن و سـنووردارکردنی فرەژنیـی بـووە.

قورسـبوونی هاوسـەرگیریی ئاسـایی و قەیرانـی دارایـی کـە توانـای گەنجان و ئـەو پیاوانەشـی لاواز کرد بە نیازی هاوسـەرگیریی دووەم بـوون، هۆکارێکـی دیکـە بـوو بـۆ ئـەوەی پەنـا بـۆ ئـەم جـۆرە هاوسـەرگیرییە ببـەن، چونکـە بـەراورد بە هاوسـەرگیریی ئاسـایی، لـەم هاوسـەرگیرییەدا پابەندییەکـی کەمـتری دارایـی هەیـە. ئەمـە جگـە لـەوەی لـە رووی یاسـاییەوە کێشـەیان بـۆ درووسـت نابێـت، چونکـە ژنـی یەکـەم ناتوانێـت بیسـەلمێنێت کـە هاوسـەرەکەی هاوسـەرگیریی دووەمـی کـردووە. ئەمـەش وا ئـەکات پیـاوان لەبـری هاوسـەرگیریی لـە دەرەوەی دادگەکانـی هەرێمـی کوردسـتان، روو لـە هاوسـەرگیریی میسـیار بکـەن.

## چوارەم: میسیاری کوردیی

پرۆسـەی هاوسـەرگیریی لـە کۆمەڵگـە ئیسـلامییەکاندا بـە گوێـرەی دۆخـی کۆمەڵایەتیـی، داب و نەریـت، کەلتـور و مەزهەبـی پەیڕەوکـراو جیـاوازە. واتـە هەمـان جـۆری هاوسـەرگیریی بـە گوێـرەی کۆمەڵگـەکان تایبەتمەندیـی خـۆی هەیـە. وەک چـۆن ڕێوڕەسـمەکانی هاوسـەرگیریی ئاسـایی لـە کۆمەڵگـە ئیسـلامییەکاندا بـە گوێـرەی مەزهـەب و کەلتـورەکان جیـاوازن، هاوسـەرگیریی میسـیاریش بـە هەمـان شـێوە جیـاوازە، واتـە تایبەتمەندییەکانـی میسـیار لـە کوردسـتان، جیـاوازە لـە تایبەتمەندییەکانـی میسـیار لـە وڵاتانـی کەنـداو و وڵاتـە ئیسـلامییەکانی تـر.

لـە وڵاتانـی ئیسـلامیی و کەنـداو، میسـیار زیاتـر وا نـاسراوە کـە ژنـان دەسـت لـە نەفەقـە و مافەکانـی خۆیـان هەڵئەگـرن و لێـی خۆشـئەبن، بـە شـێوەیەکی گشـتییش شـوێنی مانـەوەی خۆیـان هەیـە، واتـە پیـاو هیـچ بەرپرسـیارییەتییەکی ئابووریـی هەڵناگرێـت.

لـە کوردسـتان دۆخەکـە جیاوازتـرە، بەشـێک لـەو پیاوانـەی هاوسـەرگیریی میسـیار ئەکـەن، بەرپرسـیارییەتی دارایـی و ئابووریـی ماڵیـش وەرئەگـرن. تەنانـەت ئەگـەر ژنیـش خـاوەن ماڵـی خـۆی بێـت، هـەر سـوورە لەسـەر ئـەوەی خەرجیـی ژنەکـە لـە ئەسـتۆ بگرێـت.

## تەوەری سێیەم: دەرهاویشتە و کێشە کۆمەڵایەتییەکانی هاوسەرگیریی میسیار لە هەرێمی کوردستان

### یەکەم: مەترسیی لەسەر خێزان

خێـزان نـاوک یـان یەکەیەکـی کۆمەڵگەیـە، هیـچ کۆمەڵگەیەکـی مرۆیـی بەبـێ خێـزان بوونـی نییـە، چونکـە ئەندامـی نـوێ ئەخاتـە نێـو کۆمەڵگـەوە و کەلەپـوورە کەلتوریـی و کۆمەڵایەتییەکانـی کۆمەڵگـە لـە نەوەیەکـەوە بـۆ نەوەیەکـی تـر ئەگوازێتـەوە، یارمەتـی کۆمەڵـگاش ئـەدات لـە جێبەجـێ کردنـی ئەرکەکانـی وەک ئایینـی، پەروەردەیـی، هزریـی و کۆمەڵایەتیی.(خەلیـل، ٢٠٠٧، ١٤)

لـە هەمـوو کۆمەڵـگا رۆژهەڵاتییـەکان، درووسـتکردنی خێـزان، وەک ئەرکێکـی پیـرۆزی کۆمەڵگـە و هەمـوو تاکێکیـش تەماشا ئەکرێت، هەربۆیـە گرنگییەکـی زۆر بـە هاوسـەرگیریی ئەدرێـت، کـە بنەڕەتـی دروسـتبوونی خێزانـە. ئاشـکرا کردنـی هاوسـەرگیرییش بـۆ پیشـاندانی ئـەو خێزانـە نوێیەیـە لـە داهاتـوودا دروسـت ئەبێـت، تاوەکـو هەمـووان قبووڵـی بکـەن و پێشـوازیی لـێ بکـەن.

بـە هـۆی ئـەوەی هاوسـەرگیریی میسـیار لـە هەرێمـی کوردسـتان بـە شـێوەی نهێنیـی دەکرێـت و ژن و پیاوەکـەش زۆر بـە نهێنیـی یەکـتر ئەبینـن، بـە هیـچ جۆرێـک هـۆکار و بنەماکانـی دروسـتبوونی خێزانـی تێـدا درووسـت نابێـت. واتـە هاوسـەرگیریی میسـیار لـە هەرێمـی کوردسـتان نابێتـە هـۆی دروسـتبوونی هیـچ کام لـە جۆرەکانـی خێـزان، بـەم جـۆرەش چەنـد ژمـارەی میسـیار زیاتـر بێـت، هێنـدە کاریگەریـی لەسـەر کەمبوونـەوەی ژمـارەی خێزانـەکان ئەبێـت.

هاوسـەرێتیی بریتییـە لـە پەیوەندیـی پیاوێـک لەگـەڵ ژنێـک یـان زیاتـر، بـە گوێـرەی گرێبەسـتی هاوسـەرگیریی، کـە تەنهـا ژن و مێـرد لەخۆئەگرێـت، بـەڵام خێـزان بـە چەمکـی کۆمەڵایەتیـی، ئەبێـت ژن و مێـرد منداڵیـان هەبێـت. بـە واتایەکـی تـر خێـزان یەکەیەکـە پێکهاتـووە لـە ژن و مێـرد کـە تێرکردنـی پێداویسـتی سێکسـیی و هاوکاریـی ئابووریـی، زاوزێ و منـداڵ بەخێوکردنیـان لەخۆگرتـووە. بوونـی منـداڵ کۆڵەکەیەکـی سـەرەکییە بـۆ بوونـی خێـزان. ئەمانـەش ئـەو بنەمایانـەن کـە لـە هاوسـەرگیریی میسـیاردا نییـن. (القصیـر و احمـد، ٢٠٠٢، ٨٦)

سۆسـیۆلۆژیای خێـزان، ملیحـة عـوني القصیـر و صبیـح عبدالمنعیـم احمـد، و؛ صابـر بکـر بۆکانـی، چاپـی یەکـەم، چاپخانـەی دانـاز، سـەنتەری توێژینـەوە و لێکۆڵینـەوەی کۆمەڵایەتیـی تـاوان، ٢٠٠٢،لا ٨٦

ئـەم مەترسـییە کاتێـک زۆرتـر و گەورەتـر ئەبێـت، گەنجـان بـە ژمارەیەکـی زیاتـر لـە ئێسـتا روو لـەم جـۆرە هاوسـەرگیرییە بکـەن، بـە تایبـەت ئـەو گەنجانـەی نایانەوێـت خێـزان درووسـت بکـەن.

مەترسـیی ئـەم جـۆرە هاوسـەرگیرییە لـە کاتێکدایـە، رۆژ بـە رۆژ، بـە هـۆی بەرزیـی رێـژەی جیابوونـەوە، ژمـارەی خێزانـەکان لـە هەرێمـی کوردسـتان کەمـتر ئەبنـەوە.

دروسـتبوونی خێـزان پێویسـتی بـە دوو کەسـی رەگـەز جیـاواز هەیـە کـە چەنـد پەیوەندییەکـی هەمەجـۆر پێکیانـەوە ئەبەسـتێتەوە و منداڵـی لێئەکەوێتـەوە کـە نـاوی خێزانەکەیـان هەڵئەگـرن. خێزانەکە منداڵەکان لەسـەر ئاکاری ئـەو کۆمەڵگایە پـەروەردە دەکات کـە تێیـدا ئەژیـن، ئـەوەش لەپێنـاو پارێزگاریکـردن لـە مانـەوەی رەسـەنێتیی سیسـتمی کۆمەڵایەتیـی. ئـەو

کاتە ئەتوانین هاوسەرگیریی ناوبنێین خێزان. هاوسەرگیریی میسیار تەواو پێچەوانەی ئەم پێناسە باوەی خێزانیشە. (خەلیل، ٢٠٠٧، ١٥)

دامەزراوەی سەرەکیی و یەکەم لە کۆمەڵگادا خێزانە، کە بەشێوەیەکی گشتیی و باو لە دایک و باوک و منداڵ پێکدێت. ئەرکی سەرەکیی خێزان و چاوەڕوانی کۆمەڵگەش، خستنەوەی منداڵ و درێژەدانە بە رەگەزی مرۆڤ. لەم جۆرە هاوسەرگیرییەدا کە ئاشکرا نییە، خێزانێکی ئاشکرا درووست ناکرێت، واتە وەک چۆن ئەنجامی هاوسەرگیریی ئاشکرا دروستبوونی خێزانێکی نوێیە، بەڵام لەم هاوسەرگیرییەدا خێزانێکی نوێ درووست نابێت کە، خاوەن پێگەی خێزانیی و کۆمەڵایەتیی بن.

کچ و کوڕ لە هاوسەرگیریی ئاساییدا پێگە کۆمەڵایەتییەکەیان گۆڕانکاریی بە سەردا دێت و ئەبنە خاوەن خێزان و پێگەی ژن و پیاو و دواتریش دایک و باوک وەرئەگرن، بەڵام لەم هاوسەرگیرییەدا پێگەی دوو کەسەکە گۆڕانکاریی بەسەردا نایەت، بە تایبەت کە یەکەم هاوسەرگیریان بێت.

بەم جۆرە، ئەم هاوسەرگیرییە ئامانجە کۆمەڵایەتییەکانی پرۆسەی هاوسەرگیریی ناپێکێت و ناشچێتە ژێر باری هیچ ئەرک و پابەندییەکی کۆمەڵایەتیی، هاوکات نابێتە بەشێک لە پێکهاتەی کۆمەڵایەتیی و هەڵگرتنی بەرپرسیارییەتییە کۆمەڵایەتییەکان، کە دیارترینیان پێگەیاندنی کۆمەڵایەتییە.

## دووەم: جیابوونەوە

مرۆڤ جگە لە دانانی کۆمەڵێک پێوەر بۆ هاوسەرگیریی و کۆنترۆڵکردنی، سیفەتێکی بەهاداری بەو بنەمایانە دا کە هاوسەرگیریان لەسەر بونیاد ئەنرا. ئەوەش لە رێگای گرێبەستێک کە ملکەچی ئەو رێورەسمە ئایینییەیە کە رێک ئەخرێت بۆ ئەوەی سیفەتێکی راگەیەندراو و ئاشکرا بە پرۆسەکە بدرێت بۆ خەڵک، ئەمەش لەپێناو بەهێزکردنی پەیوەندی نێوان ژن و پیاو. واتە ملکەچ پێکردنی پرۆسەی هاوسەرگیرییە بۆ دوو دیسپلین؛ یەکەم کۆمەڵایەتیی (عورفی)؛ بۆ ئەوەی مرۆڤ بە ئاسانیی لێی لانەدات، دووەمیش؛ (ئایینیە) واتە پرۆسەیەکی پیرۆزە.(خەلیل، ٢٠٠٧، ٣١) یەکێک لە دەرهاویشتە مەترسیدارەکان و ئەو کێشە کۆمەڵایەتیانەی بە هۆی ئەم جۆرە هاوسەرگیرییەوە دروست ئەبێت، جیابوونەوەیە.

میسیار لە هەرێمی کوردستان کە بە نهێنیی ئەکرێت، لە ئەگەری ئاشکرابوونیدا کێشەی کۆمەڵایەتیی گەورەی لێ ئەکەوێتەوە، کە یەکێک لەوانە ئەگەری جیابوونەوەی پیاوەکەیە لەگەڵ هاوسەری یەکەمی، چونکە لە کۆمەڵگەی کوردییدا ژن و خێزانی ژنیش بە ئاسانیی قبووڵی ناکەن پیاو بە نهێنیی و ئاشکراش ژنی دووەم بهێنێت، لە حاڵەتی ئاشکرابوونیشی زۆر جار بە جیابوونەوەی ژن و مێردەکە و کۆتاییهێنان بەو خێزانە کۆتاییدێت. هەر بۆیە ئەو کەسانەی هاوسەرگیرییەکە ئەکەن بە نهێنییەکی زۆرەوە ئەیکەن و هەندێک جاریش دوور لەو شوێنەی تێیدا ئەژین ئەیکەن.

## سێیەم: نەخستنەوەی منداڵ

هاوسەرگیریی پرۆسەیەکی کۆمەڵایەتییە، کە پابەندە بە بەها و پێوەرە کۆمەڵایەتییە باوەکان، لە پێناو درووستکردنی خێزانێکی دانپێدانراو و پەسەندکراو لە لایەن کۆمەڵگەوە کە مۆڵەتی خستنەوەی منداڵ دەستەبەر ئەکات. هەر

ئـەم هاوسـەرگیرییەیە دەرفـەت بـۆ مـرۆڤ ئەڕەخسـێنێت لـە ڕێگـەی منداڵەکانییـەوە درێـژە بـە نـاو و ڕەگەزەکـەی بـدات. (Sakarya, ٢٠١٨, ٩)

پاراسـتنی ڕەگـەز و بەردەوامیـی پێدانـی بـە شـێوەیەکی تەندرووسـت، لـە نێـو خێزانـدا ئەبێـت کـە تایبەتمەندییەکـی پیـرۆزی وەرگرتـووە. ((Harman, ٢٠١٥, ٤٣

درووسـتنەبوونی خێـزان واتـە درووسـتنەبوونی بـاوک و دایـک، کـوڕ و کـچ و خوشـک و بـرا، کـە "ئەمانـە تەنیـا نازنـاو نیـن بـۆ ڕێزلێگرتـن، بەڵکـو ئەرکێکـی ئاڵوگۆڕکـراوی تـەواو دیاریکـراو و ڕاسـت و درووسـتی لـە دوو توێدایـە کـە، بـە گشـتی بەشـێک لـە کرۆکـی سیسـتمی کۆمەڵایەتیـی گـەلان پێکئەهێنن".(ئەنگڵـس، ٢٠٠٤، ٢٧)

ئاشـکرا نەکردنـی هاوسـەرگیریی میسـیار، بـە نهێنیـی هێشـتنەوەی پرۆسـەکە، ئـەو کێشـە کۆمەڵایەتیـی و یاسـاییانەی سـەرهەڵئەدەن، وا ئەکـەن کـە لـەم هاوسـەرگیرییەدا منـداڵ نەخرێتـەوە.

واتـە لـە کاتێکـدا ئامانجـی سـەرەکیی هاوسـەرگیریی ئاسـایی خسـتنەوەی منـداڵ و درێـژەدان بـە نـەوەی مرۆڤـە، مەرجـی سـەرەکیی ئـەم هاوسـەرگیرییە نەخسـتنەوەی منداڵـە.

نەخسـتنەوەی منـداڵ لـەم جـۆرە هاوسـەرگیرییەدا جگـە لـەوەی دژ بـە هەوڵـی هەمـوو کۆمەڵـگا و حکومەتێکـە بـۆ زۆربوونـی دانیشـتوان و زیادبوونـی توانـا مرۆییـەکان، مەترسـییەکی گەورەشـە بـۆ سـەر ئاینـدەی هاوسـەرگیرییەکە، چونکـە نەخسـتنەوەی منداڵ پەیوەسـتی ژن و پیاوەکـە بـۆ ئاسـتی چێژوەرگرتـن کـەم ئەکاتـەوە و هۆکارێکـی بەهێـز نامێنێتـەوە بـۆ ئـەوەی بەردەوامیـی بـە هاوسـەرگیرییەکە بـدەن.

نەخسـتنەوەی منداڵ وەک چـۆن مەترسـییە بـۆ سـەر بەردەوامیـی هاوسـەرگیرییەکە، متمانـەی هـەردوولاش بـە یەکـتر لاواز ئـەکات و پردێکـی بەهێـزی وەک منـداڵ نییـە لـە ڕووی ڕۆحیـی، خێزانیـی و کۆمەڵایەتییـەوە پێکەوەیـان ببەسـتێتەوە. کـە ئەمـەش وەهـا ئـەکات هاوسـەرگیرییەکە تەنیـا لـە نێـوان ژن و پیاوێکـدا بمێنێتـەوە، کـە، بێگوومـان وەهـا ئـەکات هیـچ تۆڕێکـی خزمایەتییـش سـەرهەڵنەدات کـە منداڵخسـتنەوە بنەماکەیەتـی.

ئـەو هاوسـەرگیرییەی لـە دادگاکانـی هەرێمـی کوردسـتان ئەکرێـت، بریتییـە لـە هاوسـەرگیریی نێـر و مێیـەک کـە ١٨ ساڵیان تێپەڕاندبێـت، بـە ڕەزامەندیـی خۆیـان، بـە شـێوەیەکی فەرمیـی و بڕیـاری دادوەر ئەکرێـت. لـە دەرەوەی ئـەم جـۆرە، هیـچ هاوسـەرگیرییەکی تـر قبـووڵ ناکرێـت و مامەڵـەی یاسـایی بـۆ ناکرێـت.

مامەڵـەی هاوسـەرگیریی میسـیار لـە دادگاکانـی هەرێمـی کوردسـتان بوونـی نییـە و هیـچ دەقێکیـش نییـە ئامـاژە بـەم جـۆرە هاوسـەرگیرییە بـکات. هـەر بۆیـە ئـەم جـۆرە هاوسـەرگیرییە هیـچ پاڵپشـتییەکی یاسـایی نییـە و لـە دادگاکانـدا دانـی پـێ دا نانرێـت. مامەڵـەی یاسـایی نییـە و دادگا و دامەزراوەکانـی حوکومـەت هیـچ مامەڵەیەکـی لەگـەڵ ناکـەن. ئەمـەش وا ئـەکات ئـەو دوو کەسـە بـە شـێوەیەکی یاسایی وەک دوو هاوسـەر قبـووڵ نەکرێـن، هـەر بۆیـە خسـتنەوەی منـداڵ لـەم دوو کەسـە ڕووبـەڕووی کێشـەی یاسـایی گەورەیـان ئەکاتـەوە، چونکـە دادگا، ڕەگەزنامـە و هیـچ دامەزراوەیەکـی حوکومەتـی هەرێمـی کوردسـتان وەک منداڵـی ئـەو دوو هاوسـەرە پەسـەندیان ناکـەن و مامەڵەیـان بـۆ ناکـەن. لـەم حاڵەتـەدا چەنـد ڕێگایـەک لـە بـەردەم ئـەو دوو هاوسـەرەدایە؛ منـداڵ نەخسـتنەوە، لەباربردنـی پێـش لەدایکبـوون لـە حاڵەتـی دووگیانبـوون، فڕێدانـی کۆرپـە یـان، تۆمارکردنـی منداڵەکـە لـە دادگاکانـی عێـراق لـە ڕێـگای دۆزینـەوەی دەرچـەی یاسـایی و نایاسـایی، بـە تایبـەت کـە فـرە هاوسـەریی لـە دادگاکانـی عێـراق یاسـایی و ڕێـگا پـێ دراوە.

## چوارەم: گرفتەکان بۆ ژنەکە

لـە هاوسـەرگیریی میسـیاردا هیـچ بەڵێننامـە و پەیمانێکـی یاسـایی نییـە، تەنهـا بـە زارەکیـی لای مامۆسـتایەکی ئایینیـی مارەبڕیـن کـراوە، بەڵێننامەیەکـی نـووسراو یـان، زارەکـی هەیـە لـە نێـوان ژن و پیاوەکـە بـە شـاهیدیی مامۆسـتای ئایینـی و شـاهیدێک کـە هیـچ پاڵپشـتیی و رەهەندێکـی یاسـایی نییـە. هـەر بۆیـە هیـچ پابەندییەکـی یاسـایی ئـەم دوو کەسـە بـە یەکـەوە نابەسـتێتەوە.

لـە حاڵەتـی جێهێشـتنی ژنەکـە لـە لایـەن پیاوەکـە و پابەنـد نەبوونـی پیاوەکـە بـە پەیمانەکـەی نێوانیـان، ژنەکـە ناتوانێـت هیـچ مافێکـی وەربگرێتـەوە. لەبەرئـەوەی هاوسـەرگیرییەکە نایاسـاییە، ژنەکـە ناتوانێـت سـکاڵا تۆمـار بـکات، چونکـە، هیـچ دەقێکـی یاسـایی نییـە هاوسـەرگیرییەکەیان پشتڕاسـت بکاتـەوە، تـا وەکـو بـە یاسـا مافـی خـۆی وەربگرێتـەوە. هـەر بۆیـە ژنەکـە ناچـارە بێدەنگیـی هەڵبژێرێـت و تەنانـەت هەوڵـی شـاردنەوەی بـدات، بـە تایبـەت ئەگـەر بـە نهێنیـی هاوسـەرگیرییەکەی ئەنجامدابێـت و هیـچ ئەندامێکـی خێزانەکـەی ئـاگادار نەبووبێـت.

گەورەتریـن هەڕەشـە رووبـەڕووی ژن ئەبێتـەوە لـە هاوسـەرگیریی میسـیار، دووگیـان بوونـە. بـە تایبـەت ئەگـەر هیـچ ئەندامێکـی خێزانەکـەی ئـاگاداری هاوسـەرگیرییەکە نەبووبـن. لـەم دۆخـەدا تاکـە رێـگا لـە بـەردەم ژنەکـەدا لەباربردنـی سـکەکەیەتی.

وەک ئامـاژەی بـۆ کـرا، لەبەرئـەوەی هاوسـەرگیریی میسـیار لـە دادگەکانـی هەرێمـی کوردسـتان دانـی پێـدا نانرێـت، لـە حاڵەتـی جیابوونـەوە و پێنەدانـی ئـەو مارەییـەی لەسـەری رێککەوتـوون، ژنەکـە ناچـارە بێدەنگیـی هەڵبژێرێـت، بـۆ ئـەوەی هاوسـەرگیریی و جیابوونەوەکـەی ئاشـکرا نەبێـت.

بـەم جـۆرە پیـاو ئەتوانێـت پابەنـد نەبێـت بـە هیـچ پەیمانێکـەوە، کـەی ویسـتی جیـا ببێتـەوە، مارەییەکـەی نـەدات و مافەکانـی ژنەکـە پێشـێل بـکات. لـە هەمـوو ئـەم دۆخانـەدا ژنەکـە هیـچ پاڵپشـتییەکی یاسایی شـک نابـات، لەگـەڵ ئـەوەی ئەزانێـت ئەگـەر سـکاڵا بـکات، رەنگـە دامـەزراوەکان هەندێـک پاڵپشـتیی بـۆ دابیـن بکـەن، بـەڵام بێدەنگیـی هەڵئەبژێرێـت.


## تەوەری چوارەم؛ خستنەڕوو و شیکردنەوەی ئەنجامەکان

بـۆ تێگەیشـتنی باشـتر لـە پرۆسـەی هاوسـەرگیریی میسـیار لـە هەرێمـی کوردسـتان و تایبەتمەندییەکانـی. هەوڵـدراوە پرسـیار لـە زۆرتریـن کـەس بکرێـت کـە ئـەم هاوسـەرگیرییەیان ئەنجامـداوە، بـەڵام وەک ئاماژەمـان پـێ کـرد، بـە هـۆی ئـەوەی ئـەم پرۆسـەیە بـە شـێوەیەکی زۆر نهێنیـی ئەکرێـت، دۆزینـەوەی ئـەو کەسـانەی کردوویانـە قورسـە، بەشـێکی ئـەو کەسانەشـی دۆزراونەتـەوە و قسـەیان لەگـەڵ کـراوە، ئامادەنیـن دانـی پێـدا بنێـن و وردەکارییەکـەی بـاس بکـەن. لەگـەڵ ئەوەشـدا توانـراوە بـۆ ئـەم توێژینەوەیـە پرسیارنامەیەک ئاراسـتەی ١٤ کـەس بکرێـت کـە هاوسـەرگیریی میسـیاریان کردووە.

یەکەم؛ تایبەتمەندییە دیمۆگرافییەکانی نموونەی توێژینەوەکە


زانیاریی گشتیی نموونەی توێژینەوەکە

چارتی (١)؛





زۆربەی ئەو پیاوانەی هاوسەرگیریی میسیار ئەکەن، بە نهێنیی ئەیکەن و تەنانەت بە زەحمەت هاوسەرگیرییەکە بۆ توێژەرانیش ئاشکرا ئەکەن. ئەم دۆخە بۆ ژنان زۆر قورس و سەختترە. واتە زۆر بە دەگمەن ژنێک ئامادەیە دان بەوەدا بنێت هاوسەرگیرییەکەی کردووە و لەوەش قورستر، باسکردنی وردەکارییەکەیەتی بۆ توێژەرێک، هەر بۆیە لەم توێژینەوەیەدا زۆرینەی رەهای ئەو کەسانەی میسیاریان کردووە و وەڵامی پرسیارەکانی ئەم توێژینەوەیان داوەتەوە، پیاوانن و تەنیا دوو کەسیان ژنن.

چارتی (٢)؛





زۆربەی ئەو کەسانەی هاوسەرگیریی میسیار ئەکەن لە هەرێمی کوردستان، ئەوانەن کە تەمەنیان لە سەرووی ٤٠ ساڵەوەیە. ئەمەش ئاماژەیە بۆ ئەوەی کە هاوسەرگیرییەکە زیاتر لە نێو ئەو کەسانەدا بڵاوە کە گەنجێتییان تێپەڕاندووە و کەسانی پێگەیشتوون، تەنانەت ئەو کەسانەن کە تەمەنیان ٥٠ ساڵی تێپەڕاندووە. واتە سەرەڕای ئەوەی وا چاوەڕوان ئەکرێت لە داهاتوودا گەنجانیش رووی تێبکەن، بەڵام هێشتا ژمارەیەکی زۆر کەم لە گەنج و کەسانی خوار تەمەن ٣٠ ساڵ ئەم هاوسەرگیرییە ئەکەن.

چارتی (٣)؛




هاوسـەرگیریی میسـیار کـە بـە نهێنیـی ئەکـرت، هـەوڵ ئەدرێـت کەمتریـن کـەس پێـی بزانێـت، بۆیـە باشـترین ژینگـە بـۆ ئـەم هاوسـەرگیرییە شـار و شـارە گەورەکانـن، چونکـە ئەگـەری ئاشـکرابوونی کەمـترە بـەراورد بـە شـوێنە بچووکـەکان، بـە تایبـەت بـە هـۆی ئـەو پەیوەندییـە بەهێـزە کۆمەڵایەتییـەی هێشـتا لـە نێـو کۆمەڵگـەی کوردییـدا هەیـە. بـۆ ژن و پیاوێـک کـە هاوسـەرگیریی میسـیاریان کـردووە، دانانـی ژووان، مانەوەیـان بـۆ ماوەیـەک، گفتوگـۆ و کات بەسـەربردنیان لـە شـاردا ئاسـانترە. دابینکردنـی شـوێنی نیشـتەجێبوون کـە (هەندێـک لـەو پیاوانـەی میسـیار ئەکەن شـوێنی نیشـتەجێبوون بـۆ ژنەکەش دابیـن ئەکـەن) لـە شـاردا ئاسـانترە. بوونـی شـوقە لـە شـارەکان وا ئـەکات ژن ئاسـانتر شـوێنی تایبەتیـی خـۆی هەبێـت و بـە تەنهـا بمێنێتـەوە. ئەمـەش وەهـا ئـەکات ژنانـی شـاریش زۆرتـر پەنـا بـۆ ئـەم جـۆرە هاوسـەرگیرییە ببـەن.


چارتی (٤)؛





بەهـۆی زاڵیـی میدیـا و تـۆڕە کۆمەڵایەتییـەکان، کـەم کـەس هەیـە ئـاگاداری بوونـی هاوسـەرگیریی میسـیار نەبێـت لـە هەرێمـی کوردسـتان، بـەڵام کـەم کـەس ئـاگاداری وردەکارییەکـەی و ئـەو ڕێـژە زۆرەی هاوسـەرگیریی میسـیارە. ئـەوەی زیاتـر

ئـاگادارە خوێنـدەوار، مامۆسـتایانی ئایینـی، توێـژەر و ڕۆژنامەوانانـن، هـەر بۆیـەش هاوسـەرگیرییەکە لـە نێـو ئـەو کەسـانەی خوێندەواریـی و بڕوانامەیـان هەیـە بەرزتـرە. بەشـێکی ئەمـەش ئەگەڕێتـەوە بـۆ ئـەوەی ئـەم کەسـانە زیاتـر و ئاسـانتر ئەتوانـن هاوسـەرگیرییەکە بکـەن و دەسـتیان بـەو مامۆسـتا ئایینیانـە بـگات کـە هاوسـەرگیرییەکە ئەکـەن، بـە تایبـەت کـە ژمـارەی ئـەو مامۆسـتایانەی هاوسـەرگیرییەکە ئەکـەن، لـە چـاو ئەوانـەی نایکـەن، زۆر کەمـن.

چارتی (٥)؛




وەک پێشـتر ئاماژەمـان پـێ کـرد، هاوسـەرگیریی میسـیار لـە هەرێمـی کوردسـتان چەنـد تایبەتمەندییەکـی هەیـە کـە لـە هاوسـەرگیریی ئاسـایی نزیکـی ئەکاتـەوە و لـە هاوسـەرگیریی میسـیاری وڵاتانـی دیکـە و بەتایبـەت کەنـداو دووری ئەخاتەوە. یەکێـک لـەو تایبەتمەندییانـەش مارەیـی، پێدانـی نەفەقـە و هەندێـک جاریـش بـە کرێگرتنـی خانـووە بـۆ ژنەکـە.
لەبـەر ئـەم هۆکارەشـە بەشـی زۆری ئـەو کەسـانەی هاوسـەرگیریی میسـیار ئەکـەن، دۆخـی داراییـان بـاش و زۆر باشـە. واتـە زۆربـەی ئـەو کەسـانەی ڕوو لـەم هاوسـەرگیرییە ئەکـەن، توانایـان باشـە.
چارتی (٦)؛





وەک ئاماژەمـان پـێ کـرد، زۆربـەی ڕەهـای ئـەو کەسـانەی لـە هەرێمـی کوردسـتان هاوسـەرگیریی میسـیار ئەکـەن، بریتییـن لـەو پیاوانـەی کـە هاوسـەری تریـان هەیـە لـە یـەک تاوەکـو سـێ، ئـەم کەسـانە لـە بـری ژنهێنانـی دووەم کـە ئەبێـت لـە دەرەوەی هەرێمـی کوردسـتان و لـە دادگاکانـی عێـراق بیکـەن، پەنـا بـۆ هاوسـەرگیریی میسـیار ئەبـەن، بـە تایبـەت ئەوانـەی

ئامانجیان لە هاوسەرگیریی دووەم منداڵ خستنەوە نییە. جگە لەو کەسانەی هاوسەرگیریان کردووە، ڕۆژ بە ڕۆژ گەنجانیش زیاتر ڕوو لەم هاوسەرگیرییە ئەکەن. لەوەش سەرنجڕاکێشتر ئەوەیە جگە لە گەنجانی کوڕ، هەندێک کچ کە هەرگیز هاوسەرگیرییان نەکردووە، پەنا بۆ ئەم جۆرە هاوسەرگیرییە ئەبەن، ئەم کچانە هاوسەرگیرییەکەیان زۆر نهێنییترە و ئامادە نین نە ئاشکرای بکەن و نە گفتوگۆی لەسەر بکەن بۆ مەبەستی زانستییش.


ئەوەی یارمەتی بڵاوبوونەوەی هاوسەرگیریی میسیار لە نێو ئەو کچانە ئەدات کە هاوسەرگیرییان نەکردووە پێشتر، بوونی شوێنی نیشتەجێبوونی تایبەت بە خۆیان، جیابوونەوەی دایک و باوکیان و بە تەنها ژیان، بەدەستهێنانی داهاتی سەربەخۆ و چوونە شار و وڵاتێکی دیکەیە بە مەبەستی خوێندن.

چارتی (٧)؛





زۆرینەی ڕەهای ئەو پیاوانەی هاوسەرگیریی میسیار ئەکەن لە هەرێمی کوردستان، لانی کەم هاوسەرێکی تریان هەیە. هەموو ئەو پیاوانەشی وەڵامی پرسیارەکانی ئەم توێژینەوەیان داوەتەوە، هاوسەرێکی تریان هەیە. ئەمەش دەری ئەخات ئەم پیاوانە بە دوای دەرفەتێکدا گەڕاون بۆ هاوسەرگیریی زیاتر و بەهۆی قەدەغەکردنی فرەژنییەوە پەنایان بۆ ئەم جۆرە هاوسەرگیرییە بردووە.

چارتی (٨)؛



زۆربەی ئەو کەسانەی بەشدارییان لە وەڵامدانەوەی پرسیارەکانمان کردووە، جارێک هاوسەرگیریی میسیاریان کردووە، بەشێکیشیان دوو جار و سێ جار. هاوسەرگیریی میسیار زیاتر لە جارێک چەند هۆکارێکی هەیە، سەرەکیترینیان ئاسانیی پرۆسەکە، تێچوونی کەمتر لە هاوسەرگیریی ئاسایی، زووتر کۆتاییهێنان بە هاوسەرگیرییەکە بەراورد بە هاوسەرگیریی ئاسایی و نەبوونی پەیماننامەی یاسایی و پابەندکەر، کە وا ئەکات پیاوان بە تایبەت ئاسانتر دەستبەرداری بن و میسیارێکی تر بکەن. واتە بە هۆی نەبوونی پابەندیی یاساییەوە، پیاوان زۆر ئاسان ئەتوانن دەستبەردار بن، لەگەڵ ئەوەشدا هاوسەرگیریی میسیار لە هەرێمی کوردستان زۆرتر لەوە ئەخایەنێت کە چاوەڕوان ئەکرێت و لە وڵاتانی دیکە هەیە.

چارتی (١٠)؛





وەک لیژنەی فەتوای هەرێمی کوردستان، کەسانی یاسایی و ئەو مامۆستا ئایینیانەش کە هاوسەرگیریی میسیاربۆ خەڵک ئەکەن ئاماژەی پێ ئەکەن خستنەوەی منداڵ یەکێکە لە کێشە و مەترسیيە هەرە گەورەکانی هاوسەرگیرییەکە. بۆیە هەر لە سەرەتاوە هەردوولا هەوڵی تەواو ئەدەن کە منداڵخستنەوە روونەدات، ئەوەش بەهۆی ئەو ئەنجامە مەترسیدارانەی لەو منداڵ خستنەوەوە پەیدا ئەبن، بە تایبەت لەوانەی کە بە نهێنیی کردوویانە.

خستنەوەی منداڵ جگە لەوەی ژیانی ژنەکە ئەخاتە بەر مەترسی تا کوشتن، چارەنووسی منداڵەکەش تاریک ئەکات و لە هیچ دامەزراوەیەکدا تۆمار ناکرێت.


تەنانەت ئەو ژن و پیاوانەشی کە هاوسەرگیریی میسیاریان کردووە و بە ویستی خۆیان منداڵ ئەخەنەوە، منداڵەکەیان بێ ناسنامە ئەبێت و بە ناوی هیچ دایک و باوکێکەوە تۆمار ناکرێت. هەر بۆیە لە هەموو دۆخێکدا خستنەوەی منداڵ گەورەترین کێشەی هاوسەرگیریی میسیارە لە هەرێمی کوردستان کە راستەوخۆ پرۆسەکە بۆ دەورووبەر ئاشکرا ئەکات. لەو کەسانەی وەڵامی پرسیارەکانیان داوەتەوە، تەنیا یەک پیاویان لە هاوسەرگیریی میسیار منداڵی هەیە، ئەوەش کەسێکە کە بە ئاشکرا هاوسەرگیرییەکەی کردووە، واتە خستنەوەی منداڵ لە رووی کۆمەڵایەتییەوە کێشەی کەمترە بۆ پیاوێک بە ئاشکرا ئەم هاوسەرگیرییە بکات، بەڵام کێشەی یاسایی بەرۆکی منداڵەکەی ئەگرێت.

چارتی (١١)؛





وەک لـە پێشـتر ئامـاژەی پێکـرا، خسـتنەوەی منـداڵ کێشـەی گـەورەی هاوسـەرگیرییەکەیە، بۆیـە زۆربـەی ئەوانـەی هاوسـەرگیرییەکە ئەکـەن بەڵێـن بـە یەکـتر ئـەدەن منـداڵ نەخەنـەوە، بەڵێنیـش بـە یـەک نـەدەن هەوڵـی تـەواو ئـەدەن منـداڵ نەخرێتـەوە، تاوەکـو تووشـی کێشـەی گـەورە نەبـن، هـەم بـۆ خۆیـان و هـەم بـۆ منداڵەکـەش.

چارتی (١٢)؛





لـە هەرێمـی کوردسـتان هاوسـەرگیریی میسـیار تـا وەکـو ئـەم ساتە، بـە شـێوەیەکی زۆر نهێنیـی ئەکرێـت، جگـە لـەو حاڵەتـە دەگمەنانـەی کـە پیـاو بـە ئاگاداریـی ژنـی یەکـەم دەیهێنێـت و زۆر جاریـش کەسـوکاری ژنەکـەش کە هاوسـەرگیریی میسـیاری لەگـەڵ ئـەکات ئـاگادارن. ئەمـەش وەک ئامـاژەی پێکـرا تـا وەکـو ئاسـتێکی زۆر پەیوەندیـی بـە تازەیـی هاوسـەرگیرییەکە، قبووڵنەکردنـی لـە لایـەن کۆمەڵگـە، نەبوونـی پابەندیـی و پشـتگیریی یاسـایی و چەنـد هۆکارێکـی کۆمەڵایەتیـی دیکـەوە هەیـە کـە ئاماژەیـان پێکـراوە. هـەر بۆیـە وەک خراوەتـە روو، لـەو ١٦ کەسـەی هاوسـەرگیری میسـیاریان کـردووە، تەنهـا یـەک کەسـیان بـە ئاشـکرا کردوویەتـی.

چارتی (١٣)؛





زۆرینـەی ئـەو کەسـانەی لـە هەرێمـی کوردسـتان هاوسـەرگیرییەکە ئەکـەن، هـەوڵ ئـەدەن بازنـەی ئـەو کەسـانەی ئـاگاداری هاوسـەرگیرییەکەن بچوکـتر ببێتـەوە. سـەرەتا بەشـی زۆریـان هـەوڵ ئـەدەن تەنیـا مامۆسـتای ئایینیـی و شـاهیدێک ئـاگادار بێـت کـە زۆر جـار هاوڕێـی زۆر متمانەپێکـراوی پیاوەکەیـە (مامۆسـتای ئایینـی و شـاهیدەکە ئەبنـە دوو شـاهید). بێگومـان ئـەو ژنانـەی هاوسـەرگیرییەکە ئەکـەن هـەوڵ ئـەدەن هاوسـەرگیرییەکە لـە مامۆسـتای ئایینیـی و شـاهیدەکە دەرنەچێـت، مەگـەر ئـەو کـچ و ژنانـەی کـە ژمارەیـان زۆر کەمـە و ئاشـکرای ئەکـەن و بـە ئاگاداریـی کەسـوکاریان ئەیکـەن.

چارتی (١٤)؛





بەهـۆی تازەیـی هاوسـەرگیرییەکە لـە هەرێمـی کوردسـتان، زۆربـەی خەڵـک گومانیـان لـە شـەرعیبوونی هاوسـەرگیرییەکە هەیـە، بـەڵام ئـەو کەسـانەی بڕیـاری هاوسـەرگیرییەکە ئـەدەن یەقیـن پەیـدا ئەکـەن کـە هاوسـەرگیرییەکە ڕەوایەتیـی هەیـە و حەڵاڵـە.

چارتی (١٥)؛





زۆرینـەی ئەوانـەی ئـەم جـۆرە هاوسـەرگیرییە ئەکـەن پەشـیمان نیـن، ئەمـەش بـە هـۆی نەبوونـی پابەندیـی زۆر، کەمیـی خەرجیـی دارایـی، نهێنییبـوون و چەنـد لایەنێکـی تـر کـە لـە هاوسـەرگیریی ئاسـاییدا هـەن.

چارتی (١٦)؛





سـەرەڕای ئـەوەی هاوسـەرگیریی میسـیار لـە هەرێمـی کوردسـتان بـەراورد بـە هەندێـک لـە وڵاتانـی تـر پابەندییەکانـی زۆرتـر و قورسـترە، هێشـتا بـۆ پیاوانـی هەرێمـی کوردسـتان زۆر ئاسـانە، هـۆکاری ئەمـەش بـۆ قورسـیی هاوسـەرگیریی ئاسـایی لـە هەرێمـی کوردسـتان ئەگەڕێتـەوە. بێگومـان نهێنییبـوون، قەدەغەکردنـی فرەژنیـی و خەرجییـە کەمەکەشـی لـە هۆکارەکانـی تـرن کـە پیـاوان بـۆ ئـەم هاوسـەرگیرییە هـان ئـەدەن.

چارتی (١٧)؛




بەهـۆی ئـەوەی هاوسـەرگیرییەکە لـە دادگاکان ناکرێـت، هیـچ بەڵێننامەیەکـی یاسـایی نـووسراو لـە نێوانیانـدا نییـە. تەنیـا بەڵێننامەیـەک هەیـە کـە بـە ئاگاداریـی و زۆرجـار لای مامۆسـتای ئایینیـی ئەنووسرێـت و پابەندییەکانـی هـەردوو لای تێـدا نووسراوەتـەوە، بـەڵام زۆربـەی ئـەو کەسـانەی هاوسـەرگیرییەکە ئەکـەن ئـەو بەڵێننامەیەشـیان نییـە. هەندێـک جاریـش بەڵێننامەکەیـان تەنیا زارەکییـە. لـە حاڵەتـی بوونـی بەڵێننامـەش هەردووکیـان یـان یەکێکیـان ئەتوانـن پابەنـد نەبـن پێـوەی، چونکـە بەڵێننامەکـە رەهەنـد و پابەندیـی یاسـایی نییـە. واتـە لـە حاڵەتـی پابەنـد نەبـوون بـە بەڵێننامەکـە، هیچیـان ناتوانـن سـکاڵا تۆماربکـەن، چونکـە خـودی پرۆسـەکە پشـتیوانیی یاسـایی نییـە.

چارتی (١٩)؛




تایبەتمەندیـی هـەرە دیـاری هاوسـەرگیریی میسـیار لـە هەرێمـی کوردسـتان ئەوەیـە کـە، مارەیـی هەیـە و دیاریکراویشـە، بـەڵام برەکـەی بـەراورد بـە هاوسـەرگیریی ئاسـایی زۆر کەمـە و مایـەی بەراوردکـردن نییـە، جگـە لـە حاڵەتـی کـەم کـە مارەیـی زۆریـان تێدایـە. مامۆسـتایانی ئایینییـش ئەڵێـن، بەبـێ مارەیـی ئامادە نیـن هاوسـەرگیریی میسیار بـۆ هیـچ کەسـێک بکـەن.

## ئەنجام

لـە مـاوەی لێکۆڵینـەوە و نووسـینی ئـەم توێژینەوەیـەدا چەندیـن دیـدار و بەدوواداچووڼمـان کردووە بـۆ بابەتی هاوسـەرگیریی میسـیار و لێکەوتەکانـی، بۆیـە ئەتوانیـن بڵێیـن گەشـتووینەتە چەنـد ئەنجـام و راسـتییەک کـە لـەم خاڵانـەی خـوارەوەدا کوورتیـان ئەکەینـەوە.

١- سـەرەڕای قبووڵنەکردنـی لـە رووی کۆمەڵایەتیـی و یاساییەوە، لەگـەڵ تێپەڕینـی کات، هاوسـەرگیریی میسـیار لـە هەرێمـی کوردسـتان زیاتـر بـڵاو ئەبێتـەوە و خەڵکێکـی زۆرتـر پەنـای بـۆ ئەبـەن.

٢- هاوسـەرگیریی میسـیار لـە هەرێمـی کوردسـتان، خـاوەن تایبەتمەندیـی خۆیەتـی، کـە جیـای ئەکاتـەوە لـە هاوسـەرگیریی میسـیار لـە وڵاتانـی دیکـە.

٣- پابەندیـی زۆر و قورسـیی هاوسـەرگیریی بـاو، وەک خەرجیـی و تێچـووی زۆریـی قۆناغەکانـی پرۆسـەکە، هەروەهـا، سـنووردارکردنی فرەژنیـی، لـە هـۆکارە سـەرەکییەکانی سـەرهەڵدانی هاوسـەرگیریی میسـیارن.

٤- نهێنیبـوون و نەبوونـی بەرپرسیارێتیی خێزانیـی، هەروەهـا نەبوونـی پابەندیـی یاسـایی و گرێبەسـتی یاسایی، لـە هـۆکارە سـەرەکییەکانی بڵاوبوونـەوەی هاوسـەرگیریی میسـیارن لـە هەرێمـی کوردسـتان.

٥- هاوسـەرگیریی میسـیار کۆمەڵێـک کێشـەی کۆمەڵایەتیـی و یاسـایی گـەورەی لـێ ئەکەوێتـەوە، ئەمـەش بەهـۆی تۆمارنەکردنـی ئـەم جـۆرە هاوسـەرگیرییە لـە دادگاکانـی کوردسـتان کـە، بـە هیـچ جۆرێـک مامەڵـە لەگـەڵ ئـەم هاوسـەرگیرییە و دەرئەنجامەکانیـدا ناکرێـت.

٦- قوربانیـی سـەرەکیی هاوسـەرگیریی میسـیار ژن و منداڵـە، بەهـۆی نەبوونـی هیـچ رەهەندێکـی یاسـایی، ژن ناتوانێـت داوای هیـچ مافێـک بـکات، منداڵیـش لـە هیـچ دامەزراوەیەکـدا تۆمـار ناکرێـت و بێبـەش ئەبێـت لـەو مافانـەی هـەر منـداڵ و هاووڵاتییـەک هەیەتـی.

٧- هاوسـەرگیریی میسـیار مەترسـییەکی گەورەیـە لەسـەر دامـەزراوەی خێـزان، بەهـۆی ئـەوەی لـە ئەنجامـی ئـەم جـۆرە هاوسـەرگیرییە خێزانێکـی جێگیـر، ئاشـکرا و دانپێدانـراو درووسـت نابێـت.

٨- هاوسـەرگیریی میسـیار مەترسـییە لەسـەر ژمـارەی دانیشـتووان، چوونکـە لـەم هاوسـەرگیرییەدا زۆر بـە دەگمـەن منداڵخسـتنەوە رووئـەدات.

٩- لە حاڵەتی ئاشکرابوونیدا، مەترسیی گەورە لەسەر خێزانی پیاوەکە و هەڵوەشاندنەوەی درووست ئەبێت.

١٠- لـە کاتی ئاشـکرابوونییدا، مەترسیی لەسـەر ژیانـی ئـەو ژن و پیاوانـە درووسـت ئەبێـت کـە هاوسـەرگیرییەکەیان بـە نهێنیـی کـردووە، تەنانـەت تـا وەکو سـنووری کوشـتن.

## المشكلات الاجتماعية والفقهية لزواج المسيار في إقليم كردستان

## الملخص

بسـبب التغيـيرات الاجتماعيـة والثقافيـة التـي طـرت عـلى المجتمعـات الإسلامية جمعـاء والمجتمـع الكـردي بشـكل أخـص، قـد دخلـت إلى حياتنـا الاجتماعيـة أمـور جديـدة منهـا مـا يسـمى بـزواج المسـيار، فهـو نـوع جديـد مـن الـزواج شـق طريقـه إلى المجتمـع الكـردي في السـنوات القليلـة الماضيـة، فهنـاك أنـاس مـن الفئـات المختلفـة يلجئـون إلى هـذا الـزواج، إمـا لإشـباع غرائزهـم أو للهـروب عـن الواجبـات الأسريـة التـي تفرضهـا الـزواج التقليـدي، فنظـرا لرفـض المجتمـع الكـردي لمـا يسـمى بـزواج

المسيار فالناس مضطرون لممارسته بشكل سري، فهذا قد يسبب أنواعا من المشاكل الدينية والاجتماعية، لذا نحن قمنا بالبحث حول أسباب وطبيعة ممارسة هذا الزواج والأناس الذين يرغبون في مثل هذا الزواج، والمشكلات التي تترتب على هذا الزواج.

**الكلمات الإقتتاحية: المشاكل، الاجتماعية، الفقهية، زواج المسيار، إقليم كردستان.**

# Social and religious problems of misyar marriage in the Kurdistan region

## Abstract

Because of the social and cultural changes that have occurred in all Islamic societies and the Kurdish society in particular, new things have entered our social life, including what is called misyar marriage, which is a new type of marriage that has made its way into Kurdish society in the past few years. There are people from different groups who resort to This marriage, either to satisfy their instincts or to escape from the family duties imposed by traditional marriage. Given the Kurdish society's rejection of what is called misyar marriage, people are forced to practice it secretly. This may cause types of religious and social problems. Therefore, we have researched the reasons and nature of the practice of this marriage and people. Who want such a marriage, and the problems that arise from this marriage.

**Key words: problems, social, religious, misyar marriage, Kurdistan.**

## سەرچاوەکان

ابن قدامة، عبد الله بن أحمد الحنبلي، (ت٦٢٠ هـ/٥٤١م)المغني، تحقيق: عبد المحسن التركي، ط٣، دار عالم الكتب، الرياض، ١٩٩٧.

ابن منظور، محمد بن مكرم الإفريقي،(ت٧١١ هـ/١٣١١م)، لسان العرب، ط٣، دار الصادر، بيروت، ١٤١٤الهجري.

اتجاهات العازبات اجزائرات نحو زواج المسيار، دراسه ميدانيه بولايه جيجل، د. كعواس رووف، مجله افاق للعلوم، ٢٠٢٠.

الأشقر، أسامة عمر سليمان، مستجدات فقية في قضايا الزواج والطلاق، ط١، دار النفائس، الأردن، ٢٠٠٠.

چاوپێکەوتن لەگەڵ بڕیاردەری لیژنەی باڵای فەتوا، ڕێککەوتی ٢٠٢٤\٧\٥.

چاوپێکەوتن لەگەڵ سەرۆکی لیژنەی باڵای فەتوا، ڕێککەوتی ٢٠٢٤\٧\٤.

چاوپێکەوتن لەگەڵ سەرۆکی لیژنەی فەتوای سلێمانی، ڕێککەوتی ٢٠٢٤\٧\٧.

الرازي، فخرالدين محمد بن عمر،(ت ٦٠٦ هـ /١٢٠٩م) تفسير الكبير، ط٣، دار إحياء التراث العربي، بيروت،١٤٢٠.

ڕۆژنامەی وەقائیعی کوردستان، ژمارە ٩٥، ٢٠٠٨.

الشافعي، محمد بن إدريس، (٢٠٤/١٥٠ هـ)، الأم، ط٢، دار الفكر، بيروت، ١٩٨٣.

عوني، مليحة عوني القصير و صبيح عبدالمنعيم احمد، و؛ صابر بكر بۆکانی، سۆسیۆلۆژیای خێزان، چاپی یەکەم،

چاپخانــەی دانــاز، ســەنتەری توێژینــەوە و لێکۆڵینــەوەی کۆمەڵایەتیــی تــاوان، ٢٠٠٢.

الغزي، محمد صدقي بن أحمد، مُوْسُوعَة القَواعِد الفِقْهِيَّة، ط١، مؤسسة الرسالة، بيروت، ٢٠٠٣.

کۆمەڵناسیی خێزان، د.مەعن خەلیل، و؛ ئارام ئەمین جەلال، چاپی یەکەم، چاپخانەی خانی، دهۆک، ٢٠٠٧.

ئامـاری ئەنجوومەنـی دادوەریـی هەرێمـی کوردسـتان لەبـارەی مامەڵـە ئەنجامدراوەکانـی دادگەکانـی هەرێمـی کوردسـتان ٢٠٢١-٢٠٢٣.

ئەنگڵس، فریدریک، بنەچەی خێزان و خاوەندارێتیی تایبەت و دەوڵەت، و؛ کەریم مەلا رەشید، ٢٠٠٤.

SAKARYA, EMİNE, EVLİ BİREYLERİN EVLİLİK UYUM, YAŞAM MEMNUNİYETİ ve YŞAM BAĞLILIKLARI ARASINDAKİ YORDAYICI İLİŞKİLERİN İNCELENMESİ, YÜKSEK LİSANS TEZİ, İSTANBUL SABAHATTİN ZAİM ÜNİVERSİTESİ, İSTANBUL, ٢٠١٨.

HARMAN, ÖMER FARUK, SEMAVİ DİNLERDE AİLE, AİLE SEMPOZYUMU TEBLİĞLER, ANKARA, MEDENİYET VAKFI YAYINLARI, ٢٠١٥.

BAKAN, HARUN, MİSYAR NİKAHI VE İSLAM HUKUKU GÖRE DEĞERLENDİRİLMESİ,YÜKSEK LİSANS TEZ, BOLU ABANT İZZET BAYSAL ÜNİVERSİTESİ, BOLU, ٢٠٢٠.

https://newjin.net/details.aspx?kodtech=٢٠٦٩٩.

https://www.alwatan.com.sa/article/٣٨٩٤٧١.